# نهێنییەکانی ئافرەت



خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب


❁ **ناوی کتێب:** نهێنییەکانی ئافرەت

❁ **بابەت:** کۆمەلایەتی

❁ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❁ **بەرگ:** زێڕین جاف

❁ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❁ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە




# نهێنییەکانی ئافرەت

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم

٢٠٢٠

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| بڕۆم یا نەڕۆم؟ | ٧ |
| نهێنییەکانی ئافرەت | ٨ |
| ئافرەتی  نایاب | ١٤ |
| باوەڕ بە ئافرەت مەکە | ١٥ |
| دوژمنانی ئافرەت دەڵێن | ١٦ |
| ئەمانە لەگەڵ فکری ئافرەتدا ناگونجێن | ١٧ |
| خواوەند ئافرەتی دووچاری چواردە سزا کردووە | ١٨ |
| سەرنج | ١٩ |
| دە ژنە شاعیری بەناوبانگی ئێران | ٣٣ |
| لە ئەفسانەیەکی هیندۆسانیدا هاتووە | ٣٦ |
| دانا ئاوا ئافرەت پەسند دەکات | ٣٧ |
| ئەمانە لە ئافرەتدا پەسند نین | ٣٨ |
| وا وتراوە ئافرەت خووخسڵەتی ئەم جانەوەرانەی تیادایە | ٣٩ |
| وتراوە | ٤٠ |
| میللەتان چۆن دەربارەی ئافرەت تێدەفکرن؟ | ٤١ |
| ڤیکتۆر هۆگۆ دەربارەی ژن و پیاو وتوویەتی | ٤٢ |
| بیروبۆچوونی دانا و فەیلەسووفان دەربارەی ئافرەت | ٤٣ |
| منداڵی میللەتە جۆراوجۆرەکان ئاوا دایکیان بانگ دەکەن | ٤٧ |
| ئافرەت داستانە | ٤٨ |
| دەربارەی ژنانی میللەتەکان وا وتراوە | ٤٩ |
| ئافرەتی ڕۆژهەڵات بەمانە بەناوبانگن | ٥٠ |
| ئەو ئافرەتانەی بە یەکەم ناسراون | ٥١ |
| لەمانە دڵنیابە! | ٥٣ |
| پێنج ئافرەتی مەترسیدار | ٥٥ |
| نهێنیی شاژنەکان | ٥٨ |
| شیربەهای کچ بە شوودان | ٥٩ |
| شەیتان | ٦٠ |
| ژنی دڵخوازی فەیلەسووف | ٦٢ |

| | |
|---|---|
| بانگەوازێك بۆ ژنان | ٦٣ |
| میللەتانی ئەورووپی دەربارەی ئافرەت وتوویانە | ٦٤ |
| میللەتی ڕۆمانی دەڵێن | ٦٦ |
| بزەی لێو | ٧٠ |
| بڕێك بۆچوونی سەیر و سەمەرە | ٧٣ |
| زوها حەدیدی، نموونەی ژنێکی هەڵکەوتوو، تەلارسازێکی سەرکەوتوو | ٧٥ |
| وتەی قەدەغەکراو | ٩٢ |
| ژنی شاخ | ١٠٣ |
| لویس بۆرژوا ژنە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو | ١١١ |
| ئەشێ! (١) | ١١٧ |
| ئەشێ (٢) | ١١٩ |
| ئەشێ (٣) | ١٢٠ |
| ئەشێ (٤) | ١٢١ |
| ئەشێ (٥) | ١٢٣ |
| ئەشێ (٦) | ١٢٤ |

## بڕۆم یا نەڕۆم؟

تــازە هــاتوومەتەوە نــزیکەی بیســت ســاڵ دەبــێ لە وڵات وە دەرچووومە، ئاشنایییەکی ئەوتۆم لە دەورووبەرم نییە و کەم کەسیش دەناسم... دوودڵم، ڕەنگە دیسان بڕۆمە دەرەوە، نازانم بەم شێوە ژیانە ڕادێم، یان بەرگەی ناگرم؟ دەی هەر چۆنێک بێت، ساڵێک دەگوزەرێنم، ڕاهاتم... هاتم، نەهاتم، زەوی خواوەند بەربڵاوە و بۆی دەردەچەمەوە.

لەباری ڕۆشنبیرییەوە خەریکم دەخوێنمەوە، کەم شتم بە دڵە، ئەوانەی لە غوربەتدا نووسیومن وا دەیانخوێنمەوە، باشتر نەبن خراوتر نین، با ئەوەیش بڵێم، کورد وتەنی: "کەس بەدۆی خۆی ناڵێت ترشە!" بەهەرحاڵ، ترش بێت یان نا، دەست بە بڵاوکردنەوەیان دەکەم.

**خوسرەوجاف**

**١٩٨٠/٢/١٥**

**بەغدا**

# نهێنییەکانی ئافرەت

ئەوانەی دەربارەی ئافرەت دواون چ فەلاسیفە و چ دانـا و زانـا و ڕۆشـنبیران، بەشـێکیان نەیـانتوانیوە بە وردی پەی بە جەوهەر و ڕاستەقینەی دەروونـی ئـافرەت ببەن و مـافی خۆیـانی پـێ نەداوە و موعـادەلەکە هەر وەک خـۆی مـاوەتەوە. سـەیر لەوە دایە ئەو ڕازە هەڵنەهێنراوە ڕۆژ بە ڕۆژ پیاو سەرسامتر دەکا و نزیکتـری دەکـاتەوە لەو گیانلەبەرە ڕازدارە نازدارە.

گـرفتەکە لەوە دایە ئەم گیـانلەبەرە نـازدارە ئـافەتێکی لەزەتبەخشـە، ژان و خـوانێکی ئاسـمانییە، نەشـیاوێکی پێویسـتە، مەتەڵێکـی هەڵنەهینـراوە، مەزارێکـی پیـرۆزە، بتخـانەیەکی نەفرەتلێکراوە. شنەوشەماڵێکی نەرمونیان و ئارامبەخشە، ڕەشەبایە، باهۆزە، جێگەی نیازی گەل و هۆزە، ئیلهامبەخشی من و تۆیە.

ئافرەت، تێکەڵەیەکی وزەبەخشە، وزە و توانا فڕێنە، سەرمایەیە، هەوێـنە، لە مێـژوودا هەوێنـی هەزاران خـوێنە، ئـافرەت بەهێـزە، بە توانایە، ئافرەت، تیشک و شوعاعی خوایە!

ئـافرەت، زۆربێـژە، زمانـدرێژە. ئـافرەت دڵـڕەقە، تۆڵەسـێنە، خوێنڕێژە، ئافرەت ناسک و نەرمونیانە، ئافرەت ئیلهامبەخشـێکی بـێ لێـدوانە. ئـافرەت سـەرچاوەی عیشـق و ئەڤیـنە، ئـافرەت تـووڕەیە،

ئـاڵۆزە، ئـافرەت تـۆڵەیە، ڕووبارێـک قیـنە، ئـافرەت گـڕە، گڵـپەیە، ئەوینە.

ئافرەت جوانە، ناسکە، نـازدارە، بە توانـایە، هۆکـاری پەلامـارە، دڵڕەق و خوێنڕێژ و گیراوەی ئازارە، لە پـۆڵا پتەوتـرە، لە شـنەی بـا ناسکترە، لە تۆفان بە گوڕترە.

ئـــافرەت تیشـــکی خـــودایە، گـــڕوگڵپەی ئـــاگرێکی هەتاهەتـــایە، بەردەوامی ریتم و نۆتەی هەناسـەیە، بنەمـای حەز و تاسـەیە، گەڑە، دژوارە، هەڵەتە، ئێشوژانە، لەززەتە.

ئـافرەت، سـەوزەڵانییە، تەختەڵانیـیە، دووڕیـانە، کـاکڵەی ژیـانە، مەرگ و نەمانە، هات و نەهاتە، ئەشهەدو دیاری خودایە و خەڵاتە.

پـێم سـەیرە ئەم گیـانلەبەرە ئاسـمانیەی وا دایکـمە، خوشـکمە، خۆشەویستمە، کچمە، چۆن خوار بێـت لەبەر چاوم؟

من توخنی بەرژەوەندی ئایینەکانی خودا و پەیـامبەرانی نـاکەوم، من دوژمنی بابەکوشتەی ڕەفتار و کرداری شا و خەلیفە و شازادەکان و حەڕەمســـارەکانیانم. ئەوە لە پەروەردگـــارەوە دوورن، لە زەوق و زەرافەت بێزارن، وژدانیان هەر نەناسـیوە، خۆیـان لە ئاسـتی مرۆڤـدا نەزانیوە، خۆپەسند، سەوداگیر، هەوەسباز. سەیر لەوەدایە "وماملکت ایمانکم" لە لایەن برێک کۆلکەمەلای چڵێس و چەورەوە پەنجەمۆریـان بۆ جەببـاران کـردووە ... تـا لە حەڕەمسـارەکانیاندا سـەدان ئـافرەت

وەک مەڕ و بزن کۆکەنەوە، سەیر لەوە دایە لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەویەکانەوە تا بە ئێستا کەوا لە دوادوایی هەزارەی دووهەمین، یانی بیست ساڵی تر پا دەنەیەنە هەزارەی سێهەم، کەچی ئەو بیروبۆچوونە گەمژانە بەلای زۆر لە دەمارگرژانەوە، چاک و باشە، هیچ گۆڕانکارییەک نەکرێ و بەلایانەوە ئاش هەمان ئاشە.

بەندە دوای بیست ساڵ گەڕاومەتەوە وڵات، یەشتا خۆم بەنامۆ دەزانم و ئاگاداری بیروبۆچوونی خەڵکەکەنیم و دوودڵم، ئەم کتاوچەیەم لە چاپ بدەم، دەی سەرێکە و هێناومەوە و نایگێڕمەوە.

ئافرەت، هۆکاری زۆر ڕووداو بووە، ئەو بووەتە هۆی وەدەرنانی باپیرە گەورەی بەشەریەت لە بەهەشتی خودا، دەستی لە کوشتنی "هابیل"یشدا هەبووە، هەر بووەتە هۆکاری گومڕاکردنی "هاروت و ماروت" و یاخیبوونیان.

ئیتر لە سەرسڕمانی حەزرەتی نووحەوە بیگرە تا دوودڵیی ژنەی حەزرەتی لووت و بە سەنگ بوونی، خۆ بوختانی زولەیخا و زیندانیکردنی یووسف پەیامبەر حاشاهەڵنەگرە، ئیتر هەر ڕووداوە و دەتوانین بیانژمێرین، چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان سلێمان پەیامبەر و بەڵقیس قورئانی پێی ڕەوایە.

مەگەر جوانی و شۆخۆشەنگیی کیلۆباترا، سزاری ئیمپراتۆر "ئنتونیوی" قارەمانی بە کوشت نەدا؟

هەر جـــوانی و نـــاز و ئەدای "نفرتیتـــی" بـــوو بە هۆکـــاری یەکتاپەرستیی "ئیخناتوون"ی فیرعەون.

ئەگەر "ماندانا"ی کچی "ئەژدیهاک" شای میدیا نەدەبوو "کورشی" ئخمینی نەیدەتوانی کودەتا بەسەر باپیریدا بکات و دەستەڵاتی مادد بنبڕ بکات و دەستەڵاتی هەخامنشیان دروست کات.

مەگەر ژنەی "ئەبـوولەهەب" هۆکـاری چـیلکە و چنــیە و ئــاگر هەڵگیرسانی ڕێگەی پەیامبەریان نەکرد و لە قورئـانی پیـرۆزدا بە " حمالة الد×ب" ناو نەهێنراوە؟

یەکێــک لە هۆکارەکــانی ســەرالێژیی "نــاپلیۆن" هەوەســەکانی "ژوزەفین" بووە.

لەناوچوونی دەستەڵاتی بنەماڵەی "ڕۆمانوف" و شۆڕشی تێکڕایـی گەلانـی ڕووسـیا "راسـپۆتین" و شـاژن بـوونە، ئەوانە و زۆر ڕووداوی خوێنینی کە هۆکارەکانیان ئافرەت بووە.

ئافرەت بەو جوانی و ناسکی و نازدارییەی تێکەڵەیەکە لە توانا و هێـز و پەلامـار، دڵـڕەق و هۆکـاری ئـازار... لە پـۆڵا بەهێزتـرە، لە شنەی با بە توانترە، لە تۆفان بە گوڕترە.

ئەفسانەیەک دەڵێـت:

پەروەردگــار زەوی و ئاســمان و کەون و بــوونەوەران و پیــاوی خولقاند، کەوتە بیری ئەوەی ئاخۆ ئافرەت لە چی دورست بکات؟ تـا

ڕای هاتە سەر ئەوەی لە مانگ ئاوڕدانەوە، لە هەتاو تیشکی، لە ئەستێرە جریوەی، لە هەور فرمێسکەکانی، لە لالەزار و باخچە و گوڵ ڕەنگ و بۆنی، لە سەرووی بوڵند باڵا، قەد و قامەتی، لە شنەی شەماڵ لەنجەی نەرمنەرم هەنگاونان، لە ئاگر گڕ و گڵپە، لە دەریا جۆشوخرۆش و شەپۆلەکانی، لەبەفر ساردی و سڕی، لە سەگ وەفا، لە هەنگوین شیرینی، لە پۆڵا پتەوی، لە زێڕ بریقە، لە تاوس خەرامان هەنگاونان، لە ئاسک نیونیگا، لە پڵنگ ئاڵۆزی و پەلامار، لە ڕێوی فێڵ و لە دوپشک پێوەدان، لە ڕۆژگار بۆنەهاتن و بەرگەگرتن، لە تووتی زۆربڵەیی، لە هەموو ئەمانە ئافرەتی خولقاند و کردیە هاوجووتی پیاو، دوای مانگێک پیاو گەیشتە حزووری پەروەردگار، بۆ ئەوەی ئەو گیانلەبەرەی لە کۆڵوەکاتەوە، چونکە ژیانی بووەتە زەمهەریر: گریانی لەسەر هیچ، سکاڵای تەواو نەبووی، ورک و بیانوی تەشقەڵە و داوای. پێی گوت: خواوەند وا هێناومەتەوە بارەگاکەت، لە کۆڵم کەرەوە، سوپاسگوزار دەبم.

پەروەردگار وتی: باشە داینێ و بڕۆ...

دوو هەفتەی نەکێشا، دیسان پیاو خۆی گەیاندەوە حزووری پەروەردگار و کەوتە کڕنووش و وتی:

ئەی خودای مەزن و بێهاوتا، لام سەختە و ناتوانم بێ ئەو گیانلەبەرە بژیم، داواکارم بۆم بگێڕیتەوە.

ئیدی خواوەند بۆی گێڕایەوە.

دوای دوو هەفتەی تر پیاو لە جاری یەکەم پەریشانتر گەڕایەوە لای پەروەردگا و وتی: ئەو گیانلەبەرەم لە کۆڵ بکەوە، شەو و ڕۆژم بووە بە دۆزەخ.

پەروەردگار فەرمووی: کابرا! دوودڵیت بەلاوە بنێ و بڕیاری کۆتایی خۆت بدە، بێ ئافرەت ژیانت تەبایە، بێ ئافرەت ژیانت هەرایە، کەواتە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکەیدا ڕابێ.

**" جا توخوا بەو سەدەی بیستەمە، مرۆڤ دەتوانێ بێ ئافرەت بژی؟"** خوسرەوجاف.

دوو مانگ لەمەوپێش ئەم دەستنووسەم لەناو نووسینە لەبیرچووەکاندا دۆزییەوە، کە لە ساڵی ١٩٨٠ز نووسیومە، کە خوێندمەوە بڕیارم دا بە چاپی بگەیەنم، بەڵام بڕێک زانیاریی تازەم تێکەڵاو کرد و وا لەبەر دەستت دایە. بە باشی دەزانی یان خراو، مەیلی خۆتە...

**خوسرەوجاف ٢٠/١/ ٢٠٢٠ز**

**هەولێر**

## ئافرەتی نایاب

- ئافرەتێک بێ دوودڵی، باوەڕی بە بیروبۆچوونی خۆی هەبێت.
- ئافرەتێک لە مێردەکەی نەپرسێت:ئەرێ پیاوەکە لە کوێ بوویت؟
- ئافرەتێک حەز بە جلوبەرگ و خشڵ و زێڕی گران نەکات.
- ئـــافرەت بە هەزار فێـــڵ و تەڵەکە نەکۆشـــێت و لۆچـــوچرچی گەردەن و ڕوخساری نەشارێتەوە.
- ئافرەتێک تەنها و تەنها بیر لە مێردەکەی بکاتەوە.

## باوەڕ بە ئافرەت مەکە:

- ئەگەر پێکەنی و ئەگەر گریا.
- ئەگەر خۆشیویستی و ئەگەر نکوولّیی لە خۆشەویستی کرد.
- ئەگەر وتی شوکردنم مەحالّە و نایکەم.
- ئافرەتێک عەقلّ و هۆشی بەسەر هەست و حەزیا زالّ بێت.
- ئەفرەتێک بلّێت هەرگیز حەز لە ئارایيش ناکەم.
- ئافرەتێک بلّێت ئيدی لە ژیان بێزار بووم.

## دوژمنانی ئافرەت دەڵێن:

لە مێــژەوە بەتــایبەت لە شۆڕشــی پیشەســازی تــا بە ئەمــڕۆ ئافرەتێک هەڵنەکەوتووە شتێکی تــازەی داهێنابێـت، جـگە لە "مـادام کوری" ئەویش بەهۆی مێردەکەیەوە بوو، لەو کەینو بەینەیـدا بـوو بە ژێر عارەبانەوە و کوشتی، کۆششکە بۆ ئەو مایەوە.

ئەو هەموو ئاهەنگە سەرسام ئـاورە و جادووئـامێزە، کە دروسـت کـراون، بـۆ خـوا ئـافرەتێکی تیـادا نەبـووە – مەگەر بـۆ لەمەولا پـــایەمبەرێکی خودایـــان تیـــادا هەڵنەکەوتـــووە. وەک وتـــراوە ٢٤٠٠٠پەیامبەر هەبوونە. حەزرەتی محەمەد "سڵاوی خودای لێ بێـت" دواهەمین پەیامبەرە و پەیامبەری تەواو.

لەم هەموو فەیلەسووفە ناسراوانە ئافرەتێکی تیادا نەبووە.

" **ڕاستییەکەی ئەمە زوڵمە لە ئافرەت دەکرێ و کراوە، ئـافرەت بتوانێ نۆ مانگ منداڵێک لە سکیدا بپارێزێت، پەروەردە بکات، ئەوە کەمە؟ ئەو زەجر و بار و تامووڵە بە پیـاو دەکرێـت؟ کـام داهێنـان دەگاتە ئەو بارداریيە قورسەی ئافرەت؟**" خوسرەوجاف.

## ئەمانە لەگەڵ فکری ئافرەتدا ناگونجێن:

- خەسوو و بووک.
- نهێنی و ئافرەت.
- تەمەنی ڕاستەقینە و ئافرەت.
- خزمی مێرد و ئافرەت.
- ئافرەت و ئافرەت.
- ناسازگاری لەگەڵ مێردی چەواشە ڕەفتاردا.

## خواوەند ئافرەتی دووچاری چواردە سزا کردووە:

- بێنوێژی "سووڕی مانگانە"
- ژان و ژواری منداڵبوون.
- قورسی بارداری منداڵبوون.
- ئایینی ناتەواوە.
- میراتی نیوەی نێرینەیە.
- دوای جیابوونەوە چ مێردمردن بێت یان تەڵاقدان دەبێ تاتەواوبوونی "عدة" چاوەڕوان بکات.
- کەمژیری.
- ژێردەستەیی پیاو.
- تەڵاق بەدەستی پیاوبوون.
- شەڕکردن لەپێناوی خودا و جیهادا.
- پەیامبەریان تیادا هەڵنەکەوتووە.
- "**لەوانە هەمووی نەشیاوتر ئافرەت دووچاری پیاوی گێل و گەوج و ملهووڕ بێتەوە.**"خوسرەوجاف"
- ناکرێت بکرێتە فەرمانڕەوا.
- ناکرێت تەنها بڕوا بۆ حەج یان سەفەر.
- سڵاویان لێ ناکرێت"جا تخوا ئەمە ڕەفتارە؟ خوسرەوجاف"؟

## سەرنج:

بەندە لەگەڵ هیچ لەو بەندانەیدا هاوڕانیم و پێم وا نییە سزای خوداوەندبن، ئەوە بە زوڵم و زۆرێکی بێ سنوور دەزانم بەرانبەر نیوەی مرۆڤی سەر زەوی، نەک ئێستا بەڵکوو لە ئەوسایشدا بۆنی زوڵمی پێوە دیارە... عەقڵیەتی جاهیلیەتی عارەب شۆڕبووەتەوە ناو فکر و زکری ئایینەکەمان، هەروەها یاساکانیش.

هەزاران فەرمانڕەوا و شاژنی لێهاتوو لە مێژدا هەبوونە و وڵاتیان بەڕێوە بردووە، ئەوە عەقڵی برادەرانێکە لایان وابووە زەوی پڕی چەنگێکە و جیهان دورگەی عارەب و خوراسانە، مەگەر نەوتراوە:" لە پشتی هەر مرۆڤێکی مەزن، ئافرەتێکی مەزن هەیە."

باشە فەرمــوو نــاوی ١٤٠٠٠پەیــامبەرم بــۆ هەڵــدە، جــگە لە پەیامبەرانی خاوەن تۆمار، ئەوانی تر ئەگەر بووبن خاوەنی پەیام و بۆچــوونی خۆیــان بــوونە، ئەوڕۆ ملیۆنەهــا ئــافرەت خــاوەنی بیروبۆچوونی تایبەت بەخۆیان، داهێنەر و قسە لێبیسراون.

کاکە تەڵاقدان یان تەڵاقوەرگرتن بەدەست تەنها پیاو نییە، ئەوە مەرجەکانی کێشەکەیە، دادگا بڕیاری لەسەر دەدا، بۆچی ئافرەت وەک جاری جاران کۆیلەی پیاوە؟

توخوا " گوێم لێبگرە: " سڵاو لە ئافرەت مەکە" ئەمە شەرمە، ئەوە نەقسە، مەعقوولە تۆ ئەوەندە دایکت لا بێ ڕێز و ناموحتەرەم بێت، سڵاو لە خوشکێکی خۆشەویستم نەکەم، هاوکارێکی لێهاتووم یان بەڕێوەبەرەکەم کە ئافرەتە نابێت بڵێم خانم سڵاوم، یان بەیانیت باش.

ئەرێ بێنوێژیی ئافرەت و خوێنی مانگانە بۆ سزا بێت؟

لەناو بڕێک لە هۆز و گەلانی دوور و نزیکدا بۆ یەکەمین بێنوێژی کچۆڵەیەک جەژنی بۆ دەگێڕن، پایەی بەرز دەکەنەوە و وەک خانمێک ڕێزی لێ دەگیرێ و دەخرێتە خانەی شەڕەف و بەردەوامیی ڕەگەزی بەشەریەتەوە... مەگەر دایکی پەیامبەران بە هەمان قۆناغدا نەگوزەراون، کام سزا؟ بە پێچەوانەوە زۆرتر لە پەروەردگارەوە نزیکتر بووەتەوە، ئەرکی نوێژ و ڕۆژوو و یاسا و ڕێساکانی ئایینی زۆرتر کەوتووەتە ئەستۆ، یانی مەرجەکانی ئایینی تیادا زۆرتر بۆ خولقاوە.

هیچ لە دایکبوونێک بێژان نەبووە و ناشبێت، ئەتۆ وردبەرەوە دوای خولەکێک ئای هاوار و دەرد و ژانی دایکێک چی جێگەی دەگرێتەوە؟

دونیایەک محەبەت و ئارەزوو و ئومێد بە پاشەڕۆژ، ئەگەر ئەو هەموو محەبەت و هەستی دایکایەتیەی لەگەڵ ژان و دەرد و هاوار و

ئازاری پێش لە دایکبووندا بەراورد بکەیت، دڵۆپێکە لە دەریایەک، یەکێکە لە هەزار.

ئەو برادەرانە قورسی بارداری ئافرەتیان بە سزا داناوە، بێ ئەوەی لە شانازی و بەختەوەریی ژنێکی باردار فکر بکەنەوە، بێ ئەوەی وردببنەوە لە ئافرەتێکی نەزانی خۆ بە بەدبەخت زان. بەندە دڵنیام ئەو وتە پڕوپووچانە نە لە قورئاندا هەن و نە لە فەرموودەکانی پەیامبەری ئیسلام، ئەو ناماقوولانە، پڕ لە سەیر و سەمەرانە وا کردوویانەتە "چواربەند" لەگەڵ جەوهەری ئاییني پیرۆزی ئیسلامدا ناگونجێت، هەتاوەکوو وتەیەک یان بەندێکی لەو چواردە وتانە کرابێتە یاسا ناگونجێت لەگەڵ واقیعیەتی ژیانی سەردەمانەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا. بەندە وەک موسڵمانێک باوەڕم نییە کچەکەم لە کوڕەکەم لە هیچ کەیل و کێشانە و تەرازوویەکدا بە کەمتر بزانم، هەتاوەکوو لە دارایمدا.

ئێمە چ بمانەوێ و یان نا، ناتوانین لە کۆمەڵگەی بەشەریەتدا داببڕێین، ژیانی سەردەمانە هەموو بەرەڵایی و بێ بەندوباری و لە خوایاخیبوون، کەلتوور بەژێر باوە خستن نییە، زۆر شتی تیادایە نیعمەتە بۆ مرۆڤ. بڕۆ ناو ئاشپەزخانەکەتانەوە، کارگەیەکە بۆخۆی پڕە لە تازە داهێنراوەکان، ئەوە یەخچاڵە، گازی چێشتلێنانە، ئاومیوەگرە، مایکرۆیە فڕنی کارەبایە، سەدان ئامێری تازەباوی تر. ئەوانەی لە تەمەنی مندابن باش باش لەبیرانە بە دار و تەپاڵە و

چیلكە چیشتلێنان چ گرفتاری و تەپوتۆز و دووكەڵێكی دەنایەوە، كوڕە یەشتا بەلای زۆربەی میللەتەكەمانەوە ئاش هەمان ئاشە!

ئەوانەی لایان وابێت ئافرەت ئایینی تەواو نییە، نیازیان بە دكتۆر و تیماركردنە و نەخۆشن، بۆ ئەوەی فكرلەوە بكەنەوە تەواوی پەیامبەرانی خودا دایكیان هەبووە و خوشكیان هەبووە، هەتاوەكوو پەروەردگار بە فەرمانی ئەو عیسا پەیامبەری لە دایكێك هێنایە دونیاوە، دایك و ڕێز لە دایكگرتن قورئان پێی ڕەوایە، ئیدی چۆن ئایینی ناتەواوە؟

بەندە بیر لەوەی دەكەمەوە لە كۆمەڵگایەكی غەیری ئیسلامیدا لە كۆنفرانسێكی نێودەوڵەتیدا ئەو چواردە سزایە موسڵمانێك یان غەیری موسڵمانێك بیخوێنێتەوە، بەندە بە گەورەترین تۆمەتی دەزانم بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام. گریم ئەو چواردە ڕسواییە وتەی بڕێك گێروگەواری چەند پیاوی ئایینی بن و لێرە و لەوێ وتوویان بێت، ئەی بۆ بەشێوەیەكی فەرمی بەدرۆ نەخراوەتەوە، بۆ نموونە لەلایەن ئەزهەرەوە، یان ناوەندە ئیسلامییەكانەوە، یان مەزهەبەكانەوە.

سەیر لەوەدایە جگە لەو چواردە سزایە وا خراوەتە سەر ڕەگەزی مێینە، بەندە كاتێك دوو وشەی دۆزەخی هەیە كە دەیانبیسم وەك" حەریم" یان " زەعیفە" ناڕواتە عەقڵمەوە لەسەردەمی كەون پێواندا لەم دونیا پڕ لە داهێنانەدا ئەوەندە خوار سەیری ئافرەت بكرێت و عەقڵیەتی حەرەم سەراو زەعیفە لە خولیای

توێژێک، چوزانم، کەسێکدا یەشتا هەر ڕەواجی هەبێت و برەوی پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی چەند ساڵ لەمەوبەر کتاوێکم نووسیوە بەناوی "حەرەم سەرا و خەساوەکان" چەندان جار چاپ کراوەتەوە، جا لە پێش نووسینی دا ناچاربووم دەربارەی حەرەم سەرای خولەفای ئیسلامی زانیاری بەدەستبهێنم، تا بتوانم ئاوا کتاوێک بنووسم... ئیتر لە دەربار و حەرەم سەرای خولەفای عەبباسی و سەلاجیقە و سەفەوی و عوسمانی و قاجاریشەوە، ئەو ڕووداوە خوێناویانە، ئەو ڕەفتارە وەحشییانە، ئەو مەحڕوومیەتە جۆراوجۆرانە لەو حەرەمسارایانەیدا ڕووی داوە، من وەک بەندەیەکی خودا بە لەکەی شەرمەزاری دادەنێم. نەتەنها بۆ ئەو خولەفا گورگ سفتانە، بەڵکوو بۆ ڕەگەزی بەشەریەت، بۆیە ئارامم نەگرت تا ئەو کتاوەم نووسی و خستمە کتاوخانەی کوردییەوە "حەرەم سارا و خەساوەکان" ئەوەتا وەریانگێڕاوەتە سەر چەندان زمان. باشە ئافرەت بەم هەموو لێهاتوویی و داهێنانەی باوەڕبەخۆبوون و دایکی پێغەمبەربوون، شاژن و شازادە و کارامە و لێهاتوو نازدار، بۆ زەعەیفە بێت؟

چۆن لە ڕووت دێت بە دایکی منداڵەکانت بڵێی زەعیفە؟ بۆچی دەکۆشیت کچەکەت زەعیف و ناتەوان و بێ باوەڕ بەخۆ بەبار بهێنێت؟

ئەورۆکە زانست سەلماندوویەتی لە ڕووی بایەلۆژیەوە ژن توانای بەربەرەکانی و بەرگەگرتنی زۆرترە تا پیاو... لەوانە گوزەشتە، ئەو

خولەفا هەوەسبازانە کە هەر یەکەیان دووسەد چوارسەد، چووزانم هەزار ئافرەتیان لە حەرەم سەرایەکدا کۆکردبوویەوە، خۆ بەبێ پەنجەمۆری مەلا و پیاوە ئایینییەکان ئەوەیان نەکردووە، ئەی دەستەڵاتدارانی غەیری ئیسلام کە توانا و قودرەتیان لە زۆر لەو خاوەن حەرەم سەرایانە بەربڵاوترە بووە. ئەوان بۆچی حەرەم سەرایان ڕانەگرتووە؟ ئایا نەیانتوانیوە؟ وەک خولەفەکانی لای خۆمان حەزیان لە موعاشەرەتی ئافرەتان نەکردووە؟ پیاو نەبوونە، ترساون، ئەگەر ترساون لەچی؟

عەقڵی بە زەعیفە ناونانی خانمگەل هەمان عەقڵ و بۆچوونی پەیڕەوانی حەرەم سەرایە، هەر نەبێ بنکرەکەیەتی. بەندە بۆ ئەوەی ئەو عەقڵیەتە ڕسواکەم، بۆ ئەوەی پێگە و جێگەی ئافرەت لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی زنجیرە بوون و دەستەڵاتی بەشەریەتدا دەخەمە ڕوو، سەدان و بگرە ڕەنگە هەزاران"ناوم" بەلاوە هەبێت، تەنها ئاماژە بۆ بڕێکیان دەکەم، با تۆزێک شۆڕەسوارانی دونیای تاریکی بزانن" موعادەلە"کەیان لەگەڵ ڕاستەقینەی ژیان و ڕووداوەکانی مێژووی بەشەریەتدا ناگۆنجێت:

١- : حەوا... بەپێی قورئان دایکی سەرتاسەری بەشەریەت بووە، ڕەوایە پێی بڵێی زەعیفە؟

٢- : حەزرەتی مەریەم، دایکی عیسا پەیامبەرە، ئەرێ ڕەوایە پێی بڵێین زەعیفە؟



٣- داستانی بەلقیس شاژنی سلێمان پەیامبەر، شاژنێکی وەها زەعیفە بێت و جەنابیشت پیاو... وانا؟

٤- زولەیخا ئافرەت بووە، دوای هەزاران ساڵ ئەوسا ڕووداوی نێوان و زولەیخا یوسف پەیامبەر یەشتا وێردی سەر زمانانە، تۆ پیاوبیت و ئەویش ژن!

٥- خەدیجەی دایکی سەرتاسەری موسڵمانان بەو پێگە و جێگەیەی هەیبووە زەعیفە بێت؟

٦- دەگێڕنەوە چەند پیاوێکی خەڵکی بەسرە دەڕۆن بۆلای ژنە عاشقەکەی ڕێگەی هەق و هەقیقەت" رابیعەی عەدەوی" و پێی دەڵێن: ئەی ڕابیعە پیاوان چەند خسڵەتێکیان هەیە و ژنان نیانە، یەکەمیان ئەوەیە پیاو عەقڵیان تەواوە و ژنان ناتەواو عەقڵن، بۆیە شایەتیی دوو ئافرەت بەرانبەر شایەتیی یەک پیاوە. دووهەم ژنان ناقس ئاینن، چونکە مانگانە بەهۆی خوێنی مانگانەیان چەند ڕۆژێک لە نوێژ و ڕۆژوو دادەبڕێن. سێیەم: هیچ کات نەبینراوە ئافرەتێک کرابێتە پێغەمبەر.

ڕابیعە لە وەڵامیاندا وتوویەتی: ڕاست دەکەن، بەڵام ژنانیش سێ خەسڵەتیان تیادایە پیاوان نیانە، یەکەمیان ئەوەیە لە نێو ژناندا نێرەمووک نییە و تایبەت هی پیاوانە. دووهەمیان ئەوەی پەیامبەران هەبووە، هەرچی پیاوچاک و شەهید هەبووە، لە سکی ئافرەتانەوە هاتوونەتە خوار. سێیەم: هیچ ئافرەتێک هێندە

بێ ئەدەب و یاخی نەبووە داوای خودایی بکات و ئەو ڕسوایی و خۆ بەزلزانینە تەنها بەلای پیاوانەوە بووە نەک ئافرەتان.

دێمە سەر ناوی ئەو ئافرەتانەی وا ڕێبازی مێژوویان گۆڕیوە، یان ڕۆڵ و نەخشیان لە گۆڕانکاریی بەشەریەتدا هەبووە:

٧- هێلین هۆکاری بیست ساڵ خوێنرێژی نێوان دەستەڵاتی تەڕوادە و ئسپارتە لە پێش زایندا.

٨- سەمیرامیس شاژنی دەستەڵاتی ئاشوورییەکان، فەرمانڕەواییەکەی ٢٠٠لەپێش زاییندا.

٩- کیلۆباترا شاژنی میسری فەراعینە و هۆکاری بە کوشتدانی سزاری ڕۆم و ئەنتۆنیۆی فەرماندە.

١٠- زەنوبیای شاژنی شۆڕشگێڕی دژ بە دەستەڵاتی ڕۆمان و ئیمپراتۆریەتەکەیان ١٠٠پ.ز.

١١- سافو ٥٧٠- پ.ز یەکەمین ئافرەتی شاعیر، "ئەفلاتوون"ی فەیلەسووف دەربارەی وتوویەتی: "یەکێکە لە دە شاعیرە گەورەکانی مێژووی بەشەریەت."

١٢- ماری مادلین "٣٠-٦٩پ.ز بە وەفاترین پەیڕەوانی حەزرەتی مەسیح، بە دیارەوە بووە کە مەسیح چوار مێخە کێشراوە.

١٣- بودیجا لە سەدەی یەکەمی زایندا ژنە شۆڕشگێڕێک دژ بە دەستەڵاتی داگیرکەری ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بە "٢٠٠٠٠٠" هەزار شەڕکەرەوە چەندان ساڵ بەرانبەرەکی سەرەنجام ڕۆمانەکان زاڵبوون بەسەریدا.

١٤- هیلدیگارد (١٠٩٨-١١٧٩) ئافرەتێکی کەنارگیر و خواپەرستی پەیڕەوی ئایینی مەسیحەیت... تەرکەدونیا، دێرنشین، نووسەر، ئاهەنگساز، مۆسیقازان، پاپای مەسیحیەت ڕای وەرگرتووە. شاکان و شاژنەکان دەست بەدامێنی بوون.

١٥- ئیلینور ئکواتین "١٢٠٤- ١١٢٢" یەکەمین شاژنی وڵاتی فەرەنسا بووە، کوڕەکانی" ریچراد و جورج" بوونەتە پاشای ئینگلتەرە. ئەم شاژنە خوێندەوار و وردەکاربووە. جوانکیلە و قسەلێبیسراوی ناو دەستەڵاتەکانی ئەورووپا بووە.

١٦- ژاندارک "١٤١٢- ١٤٣١" نازناوی کچە عازەوەکەی پێدراوە، دژ بە داگیرکەرانی بەریتانیا لەگەڵ شۆڕشگێڕانی فەرەنسیدا کەوتووەتە شەڕەوە، ئەو کات تەمەنی ١٧ساڵ بووە، نەخشی سەرەکیی هەبووە لە سەرکەوتنی فەرەنسییەکاندا لە شەڕی ئدرلیانزدا کە فەرماندەی شەڕەکەی کردووە.

١٧- شاژن ڤیکتۆریا"١٩٠١-١٨١٩" شاژنی دەوڵەتی بەریتانیای گەورە، بەتوانا، بەڕێوەبەر، ئەلحەق شاژن بووە.

١٨- پــۆلین (١٥٠١-١٥٣٦) ژنــی دووهەمــی هنــری هەشــتەم، هەر ئەوبووە کە هنری هەڵناوە کە لەگەڵ ڕۆمادا پێوەنـدی بپچڕێنێـت و کەنیســەی ئینگلیـزی دامەزرێنێـت، لە ســاڵی ١٥٣٣ز بـووە بە شاژن، کە منداڵی نەبوو لەلایەن هنریەوە درا لە ملی.

١٩- کــاترین دی میلاچــی (١٥١٩-١٥٨٩) لە فلورەنســا هــاتووەتە دونیاوە، بووەتە شاژنی فەرەنسا.

٢٠- کــــاترینی گەورە (١٧٢٩-١٧٩٦) شــــاژنی ڕووســــیا، تــــوانی دەستەڵاتی ڕووسیا بچەسپێنێ، ئەگەرچی هەوەسباز بـووە، بەڵام بەرژەوەندیی خەڵکە زۆرەکەی پاراستووە... دەڵـێن ڕۆیشـتووەتە نێو شەڕیشەوە.

٢١- ئیمیلـی دیکونسـون (١٨٣٠-١٨٨٦) ژنە شـاعیرێکی ئەمریکـایی بـووە، دیـوانێکی گەورەی شـیعری دەربـارەی مەرگ و ژیـان لـێ بەجێماوە.

٢٢- ماری ئنتوانیت (١٧١٣-١٧٥٥) لە شۆرشی چـواردەی گەلاوێـژی گەلی فەرەنسادا گیراوە و بە مەقسەلە ئیعدام کراوە.

٢٣- ماری کوری (١٨٦٩-١٩٣٤) زانای دونیای کیمیا و فیزیا بـووە، توانیــــویەتی خەڵاتــــی نۆبــــڵ وەبگرێــــت و بە یەکەم ئــــافرەت دەژمێردێت، کە ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە.



٢٤- چین ئوستن (١٧٧٥- ؟) ڕۆماننووسێکی بە ڕەگەز ئینگلیزە و چەندان شاکاری ئەدەبی لێ بەجێماوە، وەک ڕۆمانی "ئێمە".

٢٥- ئۆڤیلا (١٥١٥- ١٥٨٢) نووسەر، سۆفیکردار، نووسەر.

٢٦- هاربیچەرستو، ژنە ڕۆماننووسی ئەمریکی، نووسەری رۆمانی بەناوبانگ"مامەتۆم" کە دژی کۆیلایەتی بووە و توانی زۆر لە بیروباوەڕی ڕەش بە کۆیلەکردن بگۆڕێت.

٢٧- ئاجاسا کریستی (١٨٩٠- ١٩٧٦) چەند کتاوێکی لەبارەی تاوانکاری نووسیوە.

٢٨- فلورەنس (١٨٩٠-١٩٧٦) پەرستارێکی ئینگلیز ڕەگەزبووە، لە ئیتالّیا ژیاوە و توانیویەتی بارودۆخی بیمارستانەکان باشتر بکات لە شەڕەکانی "قرم"دا.

٢٩- ئیمیلی بانگهورست (١٨٥٨-١٩٢٨) ژنە ناودارێکی بەریتانیا بووە و توانی بەربەرەکانی تەقەلای زۆر بکات بۆ مافی ژنان لە بەریتانیا.

٣٠- مەی ویست ١٨٩٢-١٩٢٠) هونەر پیشەیەکی ئەمریکایی، شانۆکار، گۆرانیبێژ، خاوەنی کارزمایەکی بە توانا بووە.

٣١-هولیدای (١٩١٥-١٩٥٨) نازناوی خانمی یەکەمیان پێ داوە، یەکێک بووە لە گەورەترین و بەناوبانگترین گۆرانیبێژی "جاز" لە تەواوی جیهاندا.

٣٢- رۆزا (١٩١٣-٢٠٠٥)ئەم ئافرەتە جێگەکەی چۆڵ نەکرد بۆ پیاوە سپی پێستەکە، ئەو یاخیبوونەی بوو بە هۆی لە دایکبوونی یاسای مافی کۆمەڵایەتی لە مێژووی ئەمریکادا.

٣٣- ئیمیلیا ئیرهات (١٨٧٧-١٩٣٧) بە ڕەگەز ئەمریکایی و بە یەکەمین ئافرەتی فڕۆکەوانی دەژمێردرێت، توانی بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا فڕۆکە تەی بکات.

٣٤- ئیملی میرڤی (١٨٦٨-١٩٣٣) یەکێک بووە لە ئافرەتە هەرە بەناوبانگەکانی کەنەدا.

٣٥- ئوئید پلایتون ( ١٨٧٧-١٩٦٢) نووسەری چەندان کتاوە بۆ منداڵان ٥١زنجیرە کتێبی بۆ منداڵان نووسیوە، لە ماوەی ٤٠ساڵدا ٨٠٠کتاوی نووسیوە.

٣٦- ئەندێرا گاندی، (١٩١٧- ١٩٨٤) سێهەمین سەرۆک وەزیرانی هیندستان بووە، زۆر کاری بۆ نووسینەوەی دەستوور کردووە، لە لایەن دەمارگرژانەوە تیرۆر کراوە.

٣٧- دایکە تریزا (١٩٥٣-١٩٩٧) ڕاهیبەیەکی خۆبەخشی خێرخواز بووە، تەواوی ژیانی بۆ هەژاران و لێقەوماوان تەرخان کردووە.

٣٨- بینەزیر بۆتۆ (١٩٥٧-٢٠٠٧)سەرۆکوەزیرانی پاکستان بووە، لە لایەن دەمارگرژانەوە تیرۆرکرا... یەکەمین ئافرەت بوو لە پاکستان ببێتە سەرۆکوەزیران.

٣٩- ئـان فرانـک (١٩٢٤-١٩٤٥) ژنە نووسـەرێکی یەهـوودی بـووە، لەژێـرزەمین چەنـدان سـاڵ خـۆی حەشـارداوە و دژ بە نازیسـم کۆشاوە و سەرەنجام لە سەربازخانەی نازیەکاندا مردووە.

٤٠- ئودری هیپرۆن (١٩٢٩- ١٩٩٣) هونەرمەنـد و سـینەمایی بـووە، هەروەهـا وێنەگـر بـووە، لە سـەردەمی ژیانیـدا بەناوبـانگترین هونەرمەند بووە.

٤١- هـیلاری کلنتـۆن (١٩٤٧- ؟) وەزیـری دەرەوەی ئەمریکـا و چەندان ساڵ خانمی یەکەمی ئەمریکا بووە، هاوسەری کلینتۆنە.

٤٢- مارگرێـت تـاچەر(١٩٢٥- ٢٠١٣) سـەرۆک وەزیرانـی بەریتانیـا بـووە، بە ژنە ئاسـنینەکە ناسـرابووە، پەیوەنـدیی پـتەوی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا و ڕووسیادا هەبووە.

٤٣- کریس کیلی (١٩٨٢-١٩٢٩) هونەرپیشەی سینەما بـوو بە ژنـی شازادەی مۆناکۆ بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەستدا.

٤٤-ج-ک رولینک نووسـەری زنجیـرەی هـاری پـۆتەر، ڕۆمـانی زۆری هەیە.

٤٥- ئـۆپیرا و نیفـری ١٩٥٧- ؟ ژنە ڕەشپێسـتێکی ئەمـریکییە، سـەرەتا لە بـواری ڕیکلامـدا کـاری کـردووە، ئێسـتا خـاوەنی کەنـاڵێکی تەلەفزیـۆنییە، لە سـەردەمی نەوجەوانیـدا لە کـاتی هەژاربوونی دووجار لاقە دەکرێت.

٤٦- عادیلەخـــانم خێزانـــی عوســـمان پاشـــای جـــاف لە بنەمـــاڵەی ئەردەلانەکـان و لە شـاری سـنەیدا هـاتووەتە دونیـاوە، توانیـویە گۆڕانکـاری لە ژیـان و چـۆنیەتی ئـاداب و نەریتـی هـۆزی جافـدا بدات.

یەکەمین قایمقامی ژن بـووە، لە کوردسـتان و دەوڵـەتـی عێراقـدا لەگەڵ ئەفســەرەکانی بەریتانیــادا گفتوگــۆی کــردووە و قســەیان لــێ بیستووە.

## دە ژنە شاعیری بەناوبانگی ئێران:

١- "قورەتولعەین" ناسراوە بە "طاهرة" پەیڕەوی ئایینی بەهائییە، ناوی "فاتیمە باراغایی"یە، لە لایەن زنجیرە دەستەڵاتی قاجارییەوە خنکێنراوە. ئەم شاعیرە نەترس و ئازا، جوان بەیان، خۆیشی وەک ئافرەتێک گەلیک جوان و زەریف بووە، لە قەزوێن لە دایک بووە.

٢- سیمین (١٩٢٧-٢٠١٤) شاعیر و ڕۆماننووس بە ڕەگەز ئیرانی بووە و لە تاران هاتووەتە دونیاوە، زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی بە باشی زانیوە، چەندان ڕۆمانی بەناوبانگی هەیە.

٣- فەروخ فەروخزاد: لە شاری تاراندا هاتووەتە دونیاوە، ( ١٩٣٥-١٩٦٧) فەرۆخ شاعیرێکی چاونەترس و نوێخواز بووە، پەیڕەوی دونیای ئازاد و ژیانی ئازادانە بووە: دەیوت بۆچی پیاو ئەوەی دەیەوێت دەیکا، ئەی ژن بۆ نەیکا؟

بەندە برادەریم لەگەڵ فەرەیدوونی برایدا هەبوو بەهۆی ئەوە لەگەڵ فەرۆخدا بەداخەوە کاتێک فەرەیدوونم ناسی، فەڕووخ مردبوو، لە ڕووداوی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەست دا، بەڕاستی ژنێکی ئازا و بێ پەروا بوو، ئەوی لای باش بایە دەیکرد و ئەوی پێی خۆش بووایە دەیوت، لە خواردنەوەیدا زێدەڕۆیی دەکرد...

٤- لوعبەت والا- یەکێکە لە شاعیرە ناسراوەکانی ئێرانی و لە شاری تاران هاتووەتە دونیا، هەمیشە پەرچەمی ئازادیی ژنانی بەدەستەوە بوو و دەیشەکاندەوە. کە شۆڕش دژ بە نیزامی شاهی ئێران دەستی پێ کرد و جەمهوریەتی ئیسلامی دامەزرا بەناچاری ئێرانی بەجێهێڵاوە و چووەتە بەریتانیا، هاوکاری ڕۆژنامەی "کەیهان"ی کردووە، چەندان دیوانی شیعری بە فارسی لە چاپ داون.

٥- هیلا سەدیقی – شاعیر و تەقەلاکەرە دژ بە هەر توندوتیژییەک لە ساڵی ٢٠١٢خەڵاتی هیملەن – هەمت"ی لە لایەن ڕێکخراوی هیومن رایتس) پێدراوە، لەبەر تێکۆشانی بۆ مافی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەتایبەت دەربارەی شۆرشی سەوز، کە لە ئێراندا بە خوێن سوورکرا ٢٠١٦بووە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران.

٦- روئیا حەکاکیان – لە شاری تاراندا هاتووەتە جیهانەوە ١٩٦٦لە دوای هاتنە سەری کاری جەمهووریەتی ئیسلامی ئێرانی لەگەڵ خێزانەکەیدا ئێرانی بەجێهێڵاوە و لە ئەمریکادا نیشتەجێ بوونە، روئیا توانیویە بۆخۆی بیروبۆچوونی بسەلمێنێ، شاعیر و ڕۆژنامەنووس بووە، بە زمانی ئینگلیزی توانیویەتی نووسینەکانی لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئەمریکا بڵاوبکاتەوە، چەندان کتاوچەی شیعری بڵاوکردووەتەوە.

٧- فاتیمە شەمس – شاعیری ئیرانی، وەرگێڕ، ئەدەبیاتزان، لە بەریتانیادا دەژی، لەوێڕا مامۆستای زمانی فارسی بووە لە

زانكۆی ئۆكسفۆردا، لە شاری تاران هاتووەتە جیهانەوە لە ساڵی ١٩٨٣.

٨- شەیما كەلیاسی — لە ساڵی ١٩٧٢ز لە شاری تاراندا هاتووەتە دونیاوە لە وڵاتی پاكستان و دانیمارك گەورە بووە شاعیر و نووسەری چاكە و لە بواری مافی ئافرەتدا سەخت لە كاردایە، هەروەها پاڵپشتی پەنابەران و دژ بەشەڕ لە تەقەلادایە، ئێستا لە ئەمریكادا دەژی.

٩- مەریەمی حەیدەری — شاعیر و وەرگێڕی زمانی عەرەبی چەندان دیوانی لە چاپدراوی هەیە بە عارەبی و فارسی لە ساڵی ١٩٨٤ز لە ئەهوازدا هاتووەتە دونیاوە.

١٠-لە سەری هەموویانەوە شازادە و شاعیری گەورەی كورد مەستوورەی ئەردەلانییە، ڕۆحی شاد. "خوسرەوجاف"

## لە ئەفسانەیەکی هیندۆسانیدا هاتووە

پەروەردگار گیانلەبەرێکی بەهێزی دروستکرد بەناوی پیاو، بە پیاوی فەرموو تۆ بەختەوەریت؟

پیاو لە وەڵامیدا وتی: نەخێر!

خودا فەرمووی: ئەوە قەینا، بەس پێم بڵێ: چیت دەوێ؟

پیاو لە وەڵامی خواوەندا وتی:

ئاوێنیەکم دەوێ کردارەکانمی تیا ببینم. سندووقێکم دەوێ گەنجینەکانمی تیا بپارێزم.

سەرینێکم دەوێ سەری لەسەر دابنێم و ڕووپۆشێک لە کاتی دڵتەنگیما ڕووخسارمی لە پشتیەوە بشارمەوە، یارییەک دڵشادم بکا...

پەیکەرێکی جوانکیلە پڕی پڕی گلێنەکانم کا، بیروبۆچوونێک جیاواز بێت، لەگەڵ بۆچوونەکەمدا بێ.

ئیدی پەروەردگار ئافرەتی خولقاند.

"جا ئافرەت نەبوایە خۆ ئەم جیهانە نە دەچەرخا و دەبووە دۆزەخ" خوسرەوجاف.

## دانا ئاوا ئافرەت پەسند دەکات

- لە هەستاندا جوان و قەد و قامەت بوڵند باڵا.
- خان و مان کە دادەنیشێت.
- ڕاستگۆ لە قسەکردن.
- لە ئاڵۆزیدا خۆگر و لەسەرخۆ.
- لە کەنینا بزە شرین.
- بە باشی کار ئەنجام دان.
- فەرمانبەری مێردی بێـت.
- دڵسۆزی کەسوکار و هۆزەکەی بێت.
- دووربێت لە فشە و خۆ بەزلزانین.
- نەزۆک نەبێت.
- "ئافرەت هەر خوخەسڵەتێکی هەبێت قەینا، جگە لە شـەڕەنگێزی بەتایبەت لەگەڵ مێردەکەیدا"خوسرەوجاف."

## ئەمانە لە ئافرەتدا پەسند نین

- زۆر قەڵەو و گۆشتن.
- برۆ زۆر و موو ئەستوور.
- کەپوو پان و لووتخوار
- زمان پان و ددان درێژ و دەم زل.
- مەمک بچکۆڵە و پشت درێژ.
- بازوو باریک و دەستولەپ زل...
- " پـێم وایە ئـافرەتی نـاحەز و ناشـرین نیـیە، هەر نەبـێ بەلای یەکێکەوە جوانە." خوسرەوجاف

## وا وتراوە ئافرەت خووخسڵەتی ئەم جانەوەرانەی تیادایە

- ئەوی خووی بەرازی هەیە و تیادایە... تەنها بیر لە خواردن دەکاتەوە.
- ئەوەی خووی مەیموونی هەیە و تیادایە... تەنها خولیای بەرگی ڕەنگاوڕەنگ لەبەرکردنە و بەس...
- خوی سەگی تیادایە، وەفادارن.
- خوی ماری تیادایە، خۆی بە نەرموناسک نیشان دەدات...
- خوی دوپشکی تیادایە، هاتوهوتکەر و ئاژاوەچییە.
- خووی مشکی تیادایە، دەڵە دزی لە مێردەکەی دەکات.
- خوی پەلەوەری تیادایە، ئاژاوەچییە گۆبەنگێڕ.
- خوی کاوڕی تیادایە، ئەوی شیاو و چاکە دەیکا و عاشق بە کاری خێرخوازییە.

## وتراوە

**ژن و ژن، یـــــــانی هەرا و ژان**

**ژن و پیـاو، یـانی خۆشەویسـتی**

**پیــــــــاوی دووژنە، واتە دۆزەخ**

**ژن ژن نـــــــــــــــــاخوا**

**"خوسرەزجاف"**

## میللەتان چۆن دەربارەی ئافرەت تێدەفکرن؟

- قوللـــەڕەشی ئەفریقـایی: ئـافرەت کەرەســتەیەکە بـۆ ســەندن و فرۆشتن.
- عەرەب: گوڵ و ڕەیحانە.
- فارس: شەیتانێکی بێزراوە.
- چین: کچی ئەژدیهایە.
- ژاپۆن: خونچەی دەمکراوەی ژیانە.
- ئینگلیز: بنچینەی خێزانە.
- ئەمریکی: نیوەی پیاوێکی بەهێزە.
- فەرەنسی: دەستەگوڵی کۆمەڵە.
- ئەڵمانی: گەلێک لە باوک و براکانی زۆرتر بیرە دەخواتەوە.

خوسرەوجاف:

به عیشوه زولفی لادا لەسەر عوزار و زاری

دوگمەی کراس ترازا بزووت هەوای بەهاری

که شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوش دەباری

دونیا بە ئینتیزاری شیرین تەشی دەڕێسێ!

سەد ڕەحمەت لە ڕووح و ڕەوانی وەفایی...

## ڤیکتۆر هۆگۆ دەربارەی ژن و پیاو وتوویەتی:

- پیاو دەریایە...
- ژن دەریاچە و گۆمە...
- دەریا پڕە لە مرواری.
- دەریاچە و گۆم ... پڕن لە دیمەن و سروشتی ئەفسوناوی.
- پیـاو هەڵـۆیەکە بە ئاسـمانەوە فەرمـانڕەوایە بەسـەر ئەوەی لە ژێرەوەیە.
- ژن پەلەوەرێکی خۆشئاوازە و فەرمانڕەوای دڵ و هەستە.
- پیاو چرایەکی بەدەستەوەیە بەناوی وژدان.
- ژن ئەسـتێرەیەکی هەیە بەنـاوی "هیـوا" و چـرا و ڕۆشـنکەرە و وردە وردە هیوا وەدەر دەخات.
- پیاو بە زەوییەوە چەسپاوە.
- ژن بە هەلهەلەی ئاسمانەوە چەسپاوە.
- "ئەگەر ژن نەبووایە پیاو ئەو هەموو تەقەلایەی نەدەکرد.

" خوسرەوجاف"

## بیروبۆچوونی دانا و فەیلەسووفان دەربارەی ئافرەت

بیکاسۆ: بەلای منەوە ئافرەت کۆمەڵێک ڕەنگە.

ئیبراهیم نەواو: ژن جاروبار سارایەکە بۆ هیچ کشتوکاڵێک ناشێت جگە لە دڕکوداڵ.

جوبار: ئافرەت دەریایەکی پەروەردگارە.

بلزاک: بۆ پیاو ئافرەت گیانلەبەرێکە لەنێوان مرۆڤ و مەلائیەکەدا.

دۆرانت: ئافرەت وەک پەیامێکی تێکڕاییە سەرەنجام ددانی پێدا دەنرێت.

فرانس: ئافرەت لە ژیاندا وەک دووپشک وایە، ئەوی ڕێگەی لێ بگرێت پێوەی دەدا.

ئانیتا ئۆین: ئافرەت گوڵی بەهارە، ناز و ئەدای ژیانە، ڕۆحی زیندەگانییە.

کۆنفشیوس: ئافرەت شادترین شتە لە ژیاندا.

هیدر: ئافرەت تاجی خولقێنەرەکانە.

ڤۆڵتێر: ئافرەت وەک پۆپەی خودی ناسکییە.

ناپلیۆن: ئافرەت هەڵبەستی خودایە، پیاو پەخشانیەتی.

ئیبوکرات: ئافرەت ئافەتە...

ئەدینوس: ئافرەت کارێکی ناتەواوە خوداوەند داویەتیە دەست پیاو.

دانتی: ئافرەت گیانلەبەرێکی ئەمڕۆییە.

ئەناتول فرانس: ئافرەت گۆرانیبێژێکی ئاسمانییە.

نەجیبە حوسێن: ئافرەت سەرچاوەیەکی هەمیشەییە بۆ زیندەگی هەوێنی یاسا و داد و خۆشبەختییە.

سوکرات: ئافرەت سەرچاوەی تەواوی شەڕەکانە.

لامارتین: کتاوێکە دیزاینی بەرگەکەی خودی خوا نەخشاندوویەتی، لە گوڵی بەهاران دەچێ.

س.ص.ع: ئافرەت دەرمانێکە وەک هەنگوین شیرینە، تاڵە وەک ژەهری مار، سوودبەخش و زیانئاوەر.

نەجیب ڕەیحانی: ئافرەت گیانلەبەرێکە ژیان بەبێ ئەو دەکرێ، مەگەر ئادەم بێ ئەو ئافرەت نەژیا.

ئەمینە سەعید: ئافرەت گیانلەبەرێکی سادەیە و شاراوە نییە، بە ئاوڕێکدا پیاوی زیرەک دەیخوێنێتەوە.

شوپنهاوەر: ئافرەت تا دەمرێت هەر وەک منداڵ وایە.

هومیروس: ئافرەت نیوەی ژیانە ئەگەر تەنها هی مێردەکەی بێت.

س.ص.ع: ئافرەت ئامێرێکی ئەلکترۆنییە پڕە لە وردەکاری.

مۆنترلان: ژن بێزاربوونە، لاڵییە، نەخوێندەوارییە، لاسارە.

شکسپیر: ئافرەت چرای ئاسمانی پیاوە، ئەو نەبێت پیاو لە تاریکیدا بەرپای خۆی نابینێت.

ئەرستۆ: ژن گوڵێکە بە بۆنەکەی پیاو کەمەندکێش دەکات تا پێوەی دەدا.

ئیبراهیم میسری: ژن بە تەنیا توانای ژیانی نییە، مەگەر تەواوی خەونەکانی لە پێشەوە بێ، یان تەواوی بیرەوەرییەکانی لەگەڵ دابێت.

سەعید فەریحە: جا ئەگەر ژن نەبوایە من چۆن هەستم بە پیاوەتیی دەکرد؟

بلزاک: ئافرەت نزیکترین گیانلەبەرە بۆ بێ عەیببوون.

شکسپیر: ژن وەک گوڵ وایە بیکەیتەوە، وردە وردە سیس دەبێتەوە.

جیمس هویل: ئافرەت بۆ ڕژان و سووتانی خۆی ئارایش دەکات.

گۆتە: ئافرەت تەنها دەفرێکە بۆمان ماوەتەوە تا کارە ساکارەکانمان تیا بخەین.

برنادشۆ: ژن چاوی لە پیاوە، وەک چۆن جاڵجاڵۆکە چاوی لە مێشە.

سوکرات: ژن جوانترین دیاریی پەروەردگارە.

جۆرج مریدیس: ئافرەت دوا زانینە فەرهەنگی ئینسان تێی دەگات.

هالی: ئافرەت ڕەوانی ئینسانیە و پیاو عەزەلاتیەتی.

عادل سەلیم: ئافرەت ڕۆحە ژیانە، بێ ئەو یانی مردنی تەواوی ژیان.

خوسرەوجاف: مافووری کاشانە تا بەسەریا بڕۆیت ڕەنگئامێزیەکەی جوانتر و بە نرختر دەبێت.

## منداڵی میللەتە جۆراوجۆرەکان ئاوا دایکیان بانگ دەکەن:

منداڵی کورد: دایە، دایکە.

منداڵی میسری: ماما.

منداڵی: هۆڵەندی: ماتکا.

منداڵی ڕووسی: مانیچە.

منداڵی ئینگلیز: مازەر.

منداڵی نەمساوی: موترک.

منداڵی بەلجیکی: مام.

منداڵی تورکی: نەنە.

منداڵی: ژاپۆنی: هاها.

## ئافرەت داستانە

بەلای فەرەنسیەوە، داستانی خۆشەویستییە.

بەلای ئەڵمانییەوە، داستانێکی ڕاستەقینەیە.

بەلای ڕووسەوە، داستانێکی نەتەوایەتییە.

بەلای میسرییەوە، داستانێکی خەیاڵییە.

بەلای بەندەوە"خوســــرەوجاف" داســــتانێکی بـــێ کۆتـــاییە و بەردەوامە.

## دەربارەی ژنانی میللەتەکان وا وتراوە

ئینگلیزی، کلیلی خۆشەویستین.

ئەمریکی، ئازاد و دەستبڵاو.

ئەڵمانی، ڕەفتاریان پیاوانەیە.

تورکی، جوان و نازدارن.

نەمساوی، خاوینترین گیانەوەری سەر زەوین.

ئەسکەندەنافی، بێ دەربەستن لە مۆدە و تازە باوەکان.

ئافرەتی کورد، زەحمەتکێشترین ئافرەت لە جیهان ئافرەتی کوردە."خوسرەوجاف"

## ئافرەتی ڕۆژهەڵات بەمانە بەناوبانگن

ئافرەتی توورک، ناز و ئەدا.

ئێرانی قەد و باڵا.

یەمەنی، ناوقەد باریک.

حیجازی، چاوجوانی.

سووری، سنگبەرزی.

میسری، خوێنشرین.

کورد، لەنجە و لار "خوسرەوجاف"

## ئەو ئافرەتانەی بە یەکەم ناسراون

- یەکەمین شاژن لە سەردەمی فەراعینەی میسردا کچی شاهـ ئتریب بووە.
- مادام ئفریل سان کۆری بە ڕەگەز فەرەنسی، بە یەکەمین ئافرەت دەژمێردرێت، میدالیای زێڕینی تەندروستی وەرگرتووە.
- مادام ئەلکساندەر کۆنتای بە یەکەمین باڵوێز دەژمێردرێت لە دونیای دپلۆماسیدا، کراوەتە باڵوێزی سەفارەتی دەسەتەڵاتی سۆڤیەتی لە وڵاتی نەرویجدا.
- ماریان لۆ یەکەمین ئافرەتی قوللەڕەش بووە بە پارێزەر لە ئەمریکادا.
- مسزکلیان یەکەمین ئافرەت بووە ڕۆیشتووەتە سەرشانۆی لە ساڵی ١٦٦٦ز.
- ماریا مالابووری بە یەکەمین ئافرەتێک دەژمێردرێت لە یۆناندا بووە بە پارێزەر.
- لە ساڵی ١٩٠٧بۆ یەکەمین جار ئافرەتێک خۆی کاندید کردووە بۆ شارەوانیی شاری پاریس.
- بۆ یەکەمین جار گەورەترین یادگاری خۆشەویستی نێوان پیاو و ژنێک دروست دەکرێت بەناوی "تاج محەل"، لە لایەن (شاهـ سنتربپ) بۆ شاژن نورجیهان، ئەورۆ ئەو مەزارە بووە بە دیاردەیەکی وەفا و خۆشەویستی و گەشتیاری لە هیندوستاندا.

- یەکەمـین پەیکەرێـک بـۆ شـاژن کرابێـت، پەیـکەری "نفرتیتـی" شاژنی "ئخناتوون"ی فیرعەونی میسر بووە.
- مسزبارکلی یەکەمین ئافرەتە داستانێکی نووسیوە و لە پاداشـتدا ٣٥٠٠٠دۆلاری وەرگرتووە.
- سارا برنـارد ژنەئەکتەری شـانۆیی، ٣٠٠٠٠جـار بەسـەر شـانۆیەوە مردووە، ٢٠٠٠جار خنکاوە. ٥٨٠٠جار خۆی کوشتووە.
- لە سـاڵی ١١٢٤ز ژنێکـی خەڵکـی چـین قـردێلەی بە زوڵفیـدا هەڵواسیوە تا نەبێ بە چاوەوە کەچی کرا بە مۆدەی ئافرەتان.



## لەمانە دڵنیابە!

١- ئافرەتێکی یوگۆسلاڤی بەناوی "مائیوبویر" لە ماوەی (٢٨)ساڵدا بیست و هەشت کوڕی بووە و هەر هەمووشیان ژیاون و بوون بە پیاو.

٢- ئافرەتێک بەناوی فاسیلیت تێکڕا ٦٩منداڵی بووە.

٣- ئافرەتێکی کالیفۆرنیای "پیتی هیلی" نەمرد تا توانی ٢٥٦ لە کوڕ و کوڕەزا و نەوە و نەبیرەی خۆی ببینێت. لە ساڵی ١٩٥٦ز مردووە.

٤- ئافرەتێک بەناوی "دی مالدینیە" بە گوێرەی موعادەلەیەکی ڕیازی منداڵی بووە:

ساڵی یەکەم، منداڵێکی بووە.

ساڵی دووهەم، دوو منداڵ.

ساڵی سێهەم، سێ منداڵ.

ساڵی چوارەم، چوار منداڵ.

ساڵی پێنجەم، پێنج منداڵ.

ساڵی شەشەم، شەش منداڵ.

لە شەشەمین منداڵدا مردووە، ئەم ڕووداوە لە وڵاتی فەرەنسادا ڕوویداوە.

٥- مادام "مۆنتاچیت" لە پاریسدا ژیاوە لە چوار مێرد حەڤدە کوڕی بووە.

٦- له مێژووی کۆنی یۆناندا هاتووه ئافرەتێک بەناوی "لیۆن" ئاگاداری پیلانێـک دەبـێ لەنێـوان دۆسـتەکەی و یەکێـک لە هاوڕێکـانی، بـۆ ئەوەی هەواڵەکە نەگێڕێتەوە زمـانی خـۆی لەبنـدا دەبـڕێ. خەڵکـی شـاری "ئـاتن" بەمە دەزانـن، لە پـای ڕاز ڕاگرتنیـدا پەیکەرێکـی بەشـێوەی "دەڵەشـێر" بـۆ دەکەن و لە یەکێـک لە گۆڕەپانەکـانی شاردا دای دەنێن.

٧- خانمێک بەناوی سۆفیا ریا وەلف دوای مەرگی مێـردەکەی بە خـاڵ نـاوی مێـردەکەی لەسـەر زمـانی دەکـوتێ، ئـاخر زمانـدرێژییەکەی بووبووه هۆی مەرگی مێردەکەی.

٨- ئافرەتێکی ڕووسی بەناوی

ماجدولینا لە شاری ئوبوسک هەردوو مەمکی لە پشتەوە ڕوابوو، سـێ منداڵی پێ شیردان.

٩- ئـافرەتێکی ئیسـپانی بە شـەلی مـردووە و وەسـیەتی کـردووە هەر شەلێک کەوتە دوای تەرمەکەی ٥٠٠فرانکی بدرێتێ.

١٠- برژانگی کچێکی چینی بەناوی کالیسینج دە سانتیمەتر درێژ بووە.

١١- من ئافرەتێکی کـورد دەناسـم لەبەر منـداڵ نەبـوون دوو ژنیـان هێنایە سەری، کەچی بەر لەو دوو هەویەی منداڵی بووە.

"خوسرەوجاف".

# پێنج ئافرەتی مەترسیدار

١- کـاترین نایـت، لە سـاڵی ١٩٥٦ز لە وڵاتـی ئوسـترالیا هـاتووەتە دونیـــاوە و لە ژیانـــدایە، بە یەکەمـــین ئـــافرەتی ئوســـتراڵی دەژمێردرێت، بڕیاری بەنـدکردنی هەتاهەتـای بەسـەردا سـەپێنرا، پیاوەکەی خۆی کوشتووە و دوو دۆستی لەسـەرخۆ ئـارام ئـارام پێستیانی کەندووە و خۆشەی کردوون و لە ژووری نووستنەکەیدا هەڵیواسیون.

٢- شـاژن مـاری لە (١٥١٦- ١٥٥٨)ژیـاوە و مـردووە، بە شـاژنی دەســـتودەم خوێنـــاوی نـــاوبراوە، یەکێـــک بـــووە لە ژنە هەوەسـبازەکان، ئەوانەی دژ بە گەڕانەوەی بەریتانیـا وەسـتاون، بـۆ سـەر مەزهەبـی کاسـۆلیک هەر هەموویـانی کوشـتوون زیـاتر ٨٠٠کەسیان توانیویانە لە وڵات وەدەرچوون تا نەکوژرێن.

٣- بیلی جـونس: ١٨٥٨-١٩٣١ژیـاوە و مـردووە، بە ڕەگەز نەرویجـی بـــووە و ڕۆیشـــتووە بـــۆ ئەمریکـــا، یەکێـــک بـــووە لە ژنە خوێندەوارەکان، باڵابەرزترین ئافرەتی ناو شـارەکە بـووە، کێشـی ٩١کیلـۆ بـووە، دووجـار مێـردی کـردووە و هەردوو مێردەکەیشـی کوشتووە. زیاتر لە بیست کەس بە دەستی ئەو کوژراون.

٤- ماری ئـان ١٨٣٢-١٨٧٢ لە داردراوە و خنکێنـراوە، سـێ مێـرد و دوو دۆسـت و دە منـداڵی مێـرد و دۆسـتی کوشـتووە، هەروەهـا دایکی تەواوی ئەوانەی ژەهرخواردوو کردووە.

٥- ئیلسی کوخ ١٩٦٠-١٩٦٧لە زینداندا خـۆی کوشـتووە، ئەگەر هەر کەسێکی کوشتبێت سەرەتا سەرخۆشی کردووە.

# نهێنیی شاژنەکان

١- شاژن ئەلیزابیسی یەکەم گەلێک حەزی لە خۆگۆڕین کردووە، کە مردووە ٢٠٠٠دەست جلی لێ بەجێماوە.

٢- ئان پۆلین، ژنە شای ئینگلترە، هنری هەشتەم هەمیشە دەستکێشی لە دەست دەکرد، تا پەنجەی شەشەمینەکەی بشارێتەوە.

٣- کاترین شاژنی ڕووسیا هەر کات حەزی لە کەنین کردبا فەرمانی دەدا ژێرپای بخورێنن، ئەوەیشی زۆرتر سپاردووەتە دۆست و کەسە نزیکەکانی، هەروەها بەیانیان پێنج فنجان قاوەی خواردووەتەوە.

٤- کیلۆباترا حەزی لە خواردنی سرکە و سیر کردووە.

٥- ژنی ناپلیۆنی سێیەم خاتوون ئۆژینی، هەر پێڵاوێکی لەپا کردبا بۆ جاری دووەم لە پای نەدەکردوە.

٦- ئەلیزابیسی شاژنی نەمسا کاتێک خەوتووە پارچەیەکی هەوریشمی تەڕ کردووە و لەناو قەدی بەستووە. باوەڕی وابووە ئەمە پێستی ناسک و ناوقەدی باریک دەکات.

٧- ماری شاژنی وڵاتی یۆگۆسلافیا پێوەندی خزمایەتی نزیکی لەگەڵ ١٣پاشای ئەورووپادا هەبووە.

٨- ماری تریزا شاژنی وڵاتی نەمسا دایکی شانزە کوڕ و کچ بووە، سێ دانە لە کوڕەکانی بوون بە ئیمپراتۆر و دوو کچیشی بوون بە شاژن.

٩- ژنی لویسی چواردە داوای لە پزیشک کردووە تا بڕێک خوێنی پاک بکاتەوە، لەو کاتەیدا لە دەرباردا باس لە تێهەڵچوونی نێوان ژن و پیاو دەکرێت ڕەنگی سوور نەبێتەوە.

١٠-بەداخەوەی ئێمەی کورد دوو هەزار ساڵە لە دەوڵەت و دەستەڵاتەوە بە دووریـن شاژنمان تیادا هەڵنەکەوتووە، ئەگینا دەبووە شاژنی ناو شاژنەکان"خوسرەوجاف"

## شیربەهای کچ بە شوودان

١- لە مێژووی قووڵی جوولەکەدا هەر کچێکیان بە شوودابایە دەبوا پیاوەکە چەند ساڵێک مزۆری ماڵی باوکی کچەی کردبا، ئەودەم دەیاندا پێی. چەندان پەیامبەر بەم چەشنە ژنیان هێناوە، تەنانەت حەزرەتی مووسایش.

٢- هیندییە سوورپێستەکانی ئەمریکایی شیربەهایان چەند سەر ئەسپ بووە.

٣- لەناو بڕێک لە هۆزە ئەفریقییەکاندا شیربەها چەند سەر مەڕ یان مانگا بووە، پێستی پڵنگ دوو دانە.

٤- لەناوچەی کانتونی چیتا شیربەها دوو کەڵەشێر بووە، دوو گۆزە شەڕاب بووە، چوار بەراز و دە ماسی، یەک فەردە گەنم بووە.

٥- لە ناو کورددا ژن بە ژن ڕەواجی هەبووە، دیومە زۆر بێوەژن خۆی داوە بە ژن بۆ کوڕەکەی، دیومە شیربایی تفەنگێکی بڕنۆ یان دەمانچەیەک بووە، یان سەد دیناری ئەو دەمە.

"خوسرەوجاف"

## شەیتان

حەزرەتی عیسا شەیتانی دیوە چوار ولاخی بەبارەوە داوە لەبەر. دەپرسێت شەیتان ئەم بارانە چین وا داوتە لەبەر.

دەڵێت: بارە و پێمە و دەیفرۆشم.

دەفەرمووێ: باشە مەلعوون ئەزانم بارن، بەس ئەتوت چین؟

شەیتان ئامـاژە بە یەکێکیـان دەکـات و دەڵێـت: ئەوەیـان داویـن پیسیە.

دەفەرمووێ: کێ بسینیەتی؟

دەڵێت: شاکان و سەلاتین و میرزادەکان.

ئەی ئەوەی تریان؟

دەڵێت: شاکامێیە.

دەڵێت: ئەی بسینێ؟

دەڵێت: زانیارەکان.

ئەی ئەوەی تریان؟

دەڵێت: فێڵ و تەڵەکە و ساختەیە و کڵاولەسەرنانە.

باشە بسینێ کێن؟

دەڵێت: بازرگانان شەڕیانە لەسەری.

ئەی دوا بارت؟

دەڵیت: بوختان و پیلانە.

ئەی بسینێ؟

دەڵێت: ئافرەتە، ئافرەت...

عیسا دەفەرمووێ لە هەموویان ناجۆرتر ئەوەیە دەست لە ئافرەت هەڵگرتن مەحاڵە!

" ئافرەت بە بوختان و پیلانیشەوە هەر جوانە" خوسرەوجاف"

**ژنەنووسەرێکی فەرەنسی دەڵێت: ئافرەتان وتوویانە:**

یەکەم: باوەڕ بکە ملوانکەیەکی پێ بەخشیوم بایی شارێکە و نرخەکەی لە سەندن نایەت.

دووەم: کوڕە مەڵێ دیوانێک هەڵبەستی پیا هەڵداوم، پڕە لە هەستی جوانی خودایی و خاوێن.

سێیەم: کوڕە مەڵێ ئەوی لای من نازانن چەند جوان خاس و قۆزە، هەمیشە لە پا ماچکردنمە.

من وەک ئەو سێ ئافرەتە تێ نافکریم... ئەی تۆ، ئەی ئەوەی خۆشم دەوێی، هیچت پێ نەبەخشیوم، هیچشم پێ ناڵیەت و خۆ زۆر جوانیش نیت، بەڵام بەخوا تاقە خۆشەویستمی، کۆیلە ئاسا لە دەروت دەگەڕێم " خوسرەوجاف" ١٩٧٥ز

## ژنی دڵخوازی فەیلەسووف

لە فەیلەسووفێکیان پرسی: ئەرێ هاوبەشی ژیانت چۆن هەڵدەبژێریت؟

لە وەڵامدا وتویەتی: زۆر جوان ئەبێت هەمووان سەیری کەن، زۆریش ناحەز نەبێت، خەڵکی پەڕی لێگرن، هێندە بەرز و بوڵند نەبێت خۆمی بۆ بەرز بکەمەوە، کوڵەباڵایەکی واش نەبێ خۆمی بۆ دانوێنمەوە، هێندە تێکسمراویش نەبێ لای شەماڵم لێ بگرێت، ئەوەندەیش لەڕ و لاواز نەبێت ترسم لێ بنیشێت، با بیبا. وەک مۆم سپی پێست نەبێت، نەک ڕەشتاڵیش بێت وەک دارئەبەنۆس، ئەوەندەیش نەفام و گەوج نەبێ تێم نەگا، ئەوەندەیش لێزان نەبێ دەمەدەمم لەگەڵدا بکات، دەوڵەمەندێکی وا نەبێ پێی وابێ سەندوومی، هێندەیش هەژار نەبێ دوای من ببێتە تانەی منداڵەکانم.

## بانگەوازێك بۆ ژنان

نووسەرێک: ئەی ئافرەت ئەگەر ناتوانێ ببی بە ئەستێرەیەک بە ئاسمانەوە، هەر نەبێ وەرە ببە بە مۆمێک لە ماڵدا.

ڤیکتۆر هۆگۆ: هەر چەند دونیا بچووک بێتەوە تۆ هەروەک خۆت گەورەی ئەی ژن.

بتهۆڤن: ئەی ئافرەت من هەست بە جوانی سروشت ناکەم ئەگەر تۆ دەستی ناز و نەوازشی بەسەردا نەکێشی.

تالیری: ئەی ئافرەت نەکەی باوەڕ بەو پیاوە بکەیت کە دەڵێت هەر تۆی و بەس!

ترتلیان: ئافرەت بزانە تۆ ڕێچکە و ڕێگای بەرەو هەوارگەی شەیتان بەرەو دەروازەی دۆزەخ.

دی موسی: ئەی ئافرەت ئەی هەوێنی خەوی شەوانەم و مایەی کلۆڵی ڕۆژگارم.

رابندرانات تاگور: ئەی ئافرەت وامەزانە تۆ تەنها کرداری پەروەردگاری، مرۆڤیش لە دروستکردنی تۆدا بەشدارە، تۆ نیوەت ژنە و نیوەکەی ترت ئاوات و ئارەزوو و حەز لێکەرانتە.

## میللەتانی ئەورووپی دەربارەی ئافرەت وتوویانە:

- دەڵێن: ئافرەت تەنها چەکێکی هەیە، ئەویش زمانەکەیتی.
- ئافرەت و پرد هەردووکیان نیازیان بە نوێسازی هەیە.
- لە ڕۆژی بۆنەهات ژنان لە پیاوان بەهێزترن.
- ئافرەت کلیلی هەرماڵێکە.
- هیچ هێزی شەپۆل و تسۆنامییەک ناگاتە دڵۆپی فرمێسکی ئافرەتدا.
- هیچ باوەڕ بە نەخێر و نابێ و ئای ئای ئافرەت مەکە، سبەی بە پێچەوانەی وتەکانیەتی.
- خوا پیاوی بۆ درۆکردن بۆ ئافرەت دروست کردووە، ئافرەتیشی بۆ باوەڕکردن بەو درۆیانە خولقاندووە.
- ئەمە گۆڕی ژنەکەمە، ئالێرەدا لێی پاڵکەوتووە لە دونیایەکی خامۆش و بێ دەنگی و بەختەوەریدا، لێی گەڕێ خۆ وەڵا منیش بەختەوەرم.

کەیل و کێشانەکان چەند جیاوازن، تەرازووەکان چەندە لەرزۆکن، خۆشبەختییەکان چەندە جۆراوجۆرن، غەمەکان کەم و زۆریان هەیە، باران نەرم بارین و بەخوڕی زۆرە، شەوگار پڕە لە مانگ و ئەستێرە و شەوەزەنگی ڕەش و تاڵیش ئەوی تالانکەری خۆشبەختی و شادمانیم بوو، مەرگ بردی، ئەوی تاک و تەنهای کردم، مەرگ

کردی، ئەو مایەی کەنینی سەر لێوم بۆ ئەو بەرزی و بوڵەندی کێـوم بوو، ئەو کەسم بوو، ئازیزم بوو، خێوم بوو، مـن لە ئەو بێـدەنگترم، مـن لە ئەو ڕەنـگ زەردتـرم، مـن لە ئەو تەنهـاترم، تەنهـا تەنهـا... ئـازیزم هەرچـی لە خـوا پـاڕامەوە تـۆی بـرد و مـن مـامەوە، بـڕۆ بە ئەمانی خودا، خودایا... یان مەرگ یان تاقەت.

ئەم کتاوچەیەم چـڵ سـاڵ لەمەوبەر نووسـیوە، ئەوە سـێ مـانگە هاوسەرەکەم کۆچیدوایی کردووە، بە باشم زانی ئەم چەند دێڕەی بـۆ بنووسم، بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ئەو کابراوە.

خوسرەوجاف ٣/١٠/ ٢٠١٩.

## میللەتی ڕۆمانی دەڵێن:

- چادری بێ ئافرەت هەروەک تاری بێ تەلە.
- ئافرەت گریان تەنها بۆ درۆکردن فێربووە.

پرتوگاڵییەکان دەڵێن:

- ئافرەتێک دوو کەسی خۆش بوویت ئەوە درۆ لەگەڵ هەردووکیان دەکات.
- دایکی چاپووک و زیرەک هەمیشە کچەکەی تەنبەڵە.

ئۆکرانییەکان دەڵێن:

- بۆ خواش پێت دەڵێم نەکەی لە حەوت ساڵی یەکەمی ژن و مێردیتا ستایشی خێزانت بکەیت.
- مێرد یاسای ژنە.

هیندستانییەکان دەڵێن:

- ئەگەر بتەوێت چۆنیەتیی ئاڵتوون تاقی بکەیتەوە دەی هەسوویت، ئەگەر بتەوێت هێز و توانای گا تاقی بکەیتەوە باری لێ دەنێیت.

ئەگەر بتەوێت ئاستی پیاو بزانیت گوێی لێ دەگریت، بەڵام تاقیکردنەوەی ئافرەت مەحاڵە.

- ئافرەت لە قسە ناکەوێت مەگەر لە گریاندا.

ئوسکوتلەندییەکان دەڵێن:

- کوڕەکەم تا ژنی نەهێناوە کوڕمە، بەڵام کچەکەم بۆ هەتا هەتا کچمە.

فەرەنسیەکان دەڵێن:

- ئەگەر لە پیاو تێگەیشتوویت بڕۆ بە دوای خوێندنەوەی ئافرەتدا، ئافرەت زەرەر و زیانێکی پێویستە.

ئیرلەندییەکان دەڵێن:

- هیچ هێزێک ئیرلەندە لەناو نابات لووتبەرزیی ئافرەتان نەبێت.

ئەڵمانییەکان دەڵێن:

- هەر کەسێک ژنی دەوڵەمەندی هێنا ئازادیی خۆی فرۆشتووە، پیاوی بێ ژن وەک سەری بێ لەش وایە، ژنی بێ پیاو وەکوو لەشی بێ سەر وایە.

یۆنانییەکان دەڵێن:

بەڵێنی ئافرەت بەسەر ئاوەوە نووسراوە.

ئیسپانییەکان دەڵێن:

- ئافرەت وەکوو سێوەر وایە لێی دوورکەویتەوە بەدواتدا دێت، بەدوایدا بڕۆیت لێت دوور دەکەوێتەوە.

پوڵەندییەکان دەڵێن:

- هەر ئادەمێک حەوایەکی هەیە.
- چاودێریی کچێک ئاسانترە لە چاودێریی ئافرەتێک، شەیتان ئافرەتی قووتدا و پێی نەخورا و هەڵی هێنایەوە.

چینییەکان دەڵێن:

- ئـافرەت وەک فەرمـانڕەوایە، کەم کەس بە دۆسـتی ڕاسـتەقینەی خۆی دەزانی.
- پیـاو پێـی دەکرێـت ئـافرەت لە تەواوی پیـاوان بپـارێزت، تەنهـا خۆی نەبێت.
- ئــافرەت وەک مــافوور وایە تــا بەدار لێــی دەی تــۆزی لــێ هەڵدەسـتێ، لە بەرەبەیانـدا لێـدانی ئـافرەت پێویسـتە نەک لە دەمەوئێوارە لێی دەیت.
- ئەگەر شەیتان نەیتوانی بڕواتە جێگەیەکەوە ئافرەت دەنێردرێ.

ڕووسییەکان دەڵێن:

- سەگ لە ئافرەت ژیرترە، چونکە ناوەڕێتە خاوەنەکەی.
- کاتێک کچێک دێنێتە دونیاوە چوار دیوار دێتە گریان.
- هەر پیاوێک عارەبانەی ئافرەتێکە.
- ژنی سەرباز ژنە، نەک سەرباز.

ئیتاڵییەکان دەڵێن:

جـوانیی ئاسـمان بە ئەسـتێرەکانەوە جـوانە، جـوانیی ئـافرەت بە سەروو زولفیەوە.

بولگارییەکان دەڵێن:

- باوەڕ بە هەتاوی زستان مەکە، هەروەها بە دڵی ئافرەتیش.

سویدییەکان دەڵێن:

- دڵی ئافرەت لە چاوی دە پیاو بیناترە.

یابانییەکان دەڵێن:

- لەبەر ئەوەی دایکت چاودێریی ژنەکەتە مەترسە باوەڕت بە ژنەکەت هەبێت.

پۆڵەندییەکان:

- بەهار کچۆڵەیە، هاوین دایکە، پاییز بێوەژنە، زستان ئافرەتە، ئێمەی قوڕبەسەری پیاو تەماشاکەری هەر چوار وەرزین!

چیکۆسلۆڤییەکان دەڵێن:

- ئافرەتی جوان سێ مێردی دەوێ، یەکەم پارەی بۆ خەرج بکات، دووهەم خۆشی بوێت، سێیەم لێی دات.
- ئافرەتی چیکی بۆ ئاشپەزخانە و فەڕەنسی بۆ ناو جێگە.

ڕۆژهەڵاتی دەڵێن:

- سەرسووکیی ئافرەت مایەی دڵقوڕسیی پیاوە.
- مزگەوتی ئافرەت،ماڵەکەیەتی.
- کاتێک ئافرەت قسە دەکات سەیری چاوی بکە بزانە چاوی چی دەڵێت.
- لە ژنەکەت بپرسە، بەڵام بۆخۆت ئەوەی بە چاک دەزانی بیکە.

## بزەی لێو

١- ژنێک بۆ یەکەم جار دەڕوات بۆ دیتنی هاوسێکەی منداڵەکەیشی لەگەڵدا دەبێت، ژنە هاوسێ لێی دەپرسێ ئەم کچۆڵەیە هی خۆتە؟

بەڵی هی خۆمە.

ژنە هەر دەبێ وابێت و ناکرێت باوکیشی ناشرین بێت.

٢- بە ئافرەتێکیان وت خەسووەکەت دەرمانخوارد کراوە و مردووە.

وتی: بێگومان گازی لە زمانی خۆی گرتووە.

٣- وتی ئەرێ ناڵێی ئافرەت بۆ وا جوان خولقاوە و بێ بیر؟

ژنە وەڵامی دایەوە: جوانی بۆ ئەوەی پیاو حەزی لێ بکات، بێ بیروگەوجیش تا حەز لە پیاو بکات، بەتایبەت گەوجێکی وەک تۆ.

٤- سوکرات بە یەکێک لە قوتابییەکانی وت:

ژن بهێنە کوڕم، ئەگەر ژنەکەت باش دەرچوو ئەوە دەبێ بە بەختیارترین مرۆڤ، ئەگەر باشیش دەرنەچوو وا وەک من دەبی بە فەیلەسووف.



٥- فەیلەسووفێک گوزەری بەلای درەختێکدا کەوت، ڕوانی ئافرەتێک بە درەختەکەیدا هەڵواسراوە.

وتی: خۆزگە هەموو درەختێک بەری وای دەگرت.

٦- کوڕە بۆ لای دایکی هات و کاسەیەک دۆی بە دەستەوە بوو، ڕوو بە دایکی وتی: دایە شوو دەکەیت یان دۆ دەخۆیتەوە.

دایە وەڵامی دایەوە: کوڕم! کوا ددانم هەن تا دۆی پێ بخۆمەوە!

٧- کابرایەک ڕووی کردە هاوڕێیەکەی و وتی: کاتێک ژنەکەم باردار بوو، داستانی سێ تفەنگ داری دەخوێندەوە، سێ کوڕی بە سکێک بوو. ئەوی تر وتی: قوڕ بەسەرم، ژنی من داستانی عەلائودین و چل دزی بەغدا دەخوێنێتەوە.

٨- کابرایەک لە هاوڕێیەکی پرسی: هەواڵی تازە چییە؟ وتی بۆم دەرکەوتووە ژنەکەم ڕاستم لەگەڵ ناکات. وتی: من پرسیاری هەواڵی تازەم لێ کردی.

٩- کابرایەکی نەخۆش لە سەرەمەرگدا بوو، ڕووی کردە ژنەکەی و وتی: کە مردم شوو بکەرە دراوسێکەمان.

ژنە وتی: بۆ ئەو؟

وتی: ئوتۆمبێلێکی پێ فرۆشتم تا سەر لووتم کڵاوی لەسەرم نا.

١٠-ئەوە بۆ بەشانەی قژی من تووکی ئەو سەگە شانە دەکەیت؟
وتی: ئازیزم مەترسە شانەکەم شۆردووە.

١١- ژنێک ڕووی کردە پیاوەکەی و وتی: کەی دەگەڕێیتەوە؟
وتی: کاتژمێر حەوت و نیو.

وتی: ئاخر دوێنێش وات وت، کەچی دوانزەی شەو هاتیتەوە.

پیاو وەڵامی دایەوە ئەوە بیست ساڵە نازانی حەوت و نیو یانی دوانزەی شەو " من، ئەو پیاو و ژنە کوردە دەناسم،" خوسرەوجاف."

١٢- ژنێک مێردەکەی مرد و لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسی:

گەلێک غەمبارم بۆ مەرگت ناتوانم ئاوا بژیم.

ساڵێک تێپەڕی و دووبارە شووی کردەوە، ڕۆیشتە سەرگۆڕی مێردەکەی و وشەی "بەتەنهایی" کردە پاشبەندی نووسینەکەی.

١٣- ژنە ڕووی کردە مێردەکەی و وتی:

کە مردم لەسەر گۆڕم بنووسە: ئارامی و ئاسایش لە ئاسماندا هەیە.

ژنە کە مرد پیاوەکە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسی:

ئارامی و ئاسایش لە ئاسماندا هەبوو.

١٤- لە مێژووی ٢/ ٧/ ٢٠١٩ خێزانەکەم کۆچیدوایی کرد، لەسەر مەزارەکەی نووسیومە ئازیزەکەم سێ بەشی وجوودمت لەگەڵ خۆتا بردووە. خوسرەوجاف

## بڕێك بۆچوونی سەیر و سەمەرە

١- لە گانای ئەفریقادا ژنانی باردار مار ناخۆن، لایان وایە بیخۆن منداڵەکەیان گێل و دەبەنگ دەردەچێت.

٢- لە وڵاتی ئەنگۆلای ئەفریقا ئەگەر ئافرەتێک بەسەر منداڵبوونەوە مرد کەسوکاری ژنە بۆیان هەیە خوێنبەهای کچەکەیان لە مێردەکەی وەرگرن.

٣- لە ڕۆژئاوای ئەفریقادا تا سەردەمێک لەمەوپێش هەر ئافرەتێک دە منداڵی ببوایە، دەهەمینیان زیندە بەچاڵ دەکرا.

٤- لە ئەڵمانیای فرە کۆندا هەر منداڵێک بمردبا و هۆکارەکەی دایکی بایە، دایکەکەیان لەگەڵ کەڵەشێرێک، مارێک، سەگێک، پشیلەیەکدا زیندەبەچاڵ دەکرد.

٥- ئەوسای وڵاتی چین لایان وابووە هەر ئافرەتێک بەبێ ئاراییش وەدەرکەوتبا بڕوا وابووە کە بەدکارەیە.

٦- لە باشووری هیندستاندا باوبووە هەر کچێک بکرابایە بووک دەبوا لەسەر چوار دەست و پا بڕوات بۆلای مێردەکەی، ئەویش پای لەسەر سەری ژنەکەی دادەنا.

٧- لە وڵاتی گینیای نوێدا کچ بۆ سەر ڕووبارێک دەڕۆیشت بۆ مەلەکردن، کوڕە دەرپێکەی خۆی پێ دەبەخشی، ئەوە بە خوازبینی دەژمێردرا.

٨- لە دوورگەی "تـاهیتی"دا ئەگەر کچێـک گـوڵی کـردە لای چەپـی سەریدا، یـانی بە دوای دۆسـتدا دەگەڕێـت، ئەگەر بەلای ڕاسـتیدا نەخێر بەدوای مێردایە نەک دۆست.

٩- لە دورگەی "موپاسا"ی سۆماڵدا دەبوا دوو پیـاو داوای کچێکیـان کردبـا، زۆرانیـان دەکـرد هەر کامیـان سـەرکەوتبا کـچە شـووی بەوەی دەکرد.

١٠-لە یەکێک لە دەڤەرەکانی ئەفریقادا بەناوی "تشیا" ئـافرەتی ئـازا دەبوا بەردێکی نۆ کیلۆگرامی هەڵگرتبا، تا منداڵی دەبوو.

## زوها حەدیدی، نموونەی ژنێکی هەڵکەوتوو، تەلارسازێکی سەرکەوتوو

ناو: زوها محەمەد حەدید

لە دایکبوون: ٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٠ز لە شاری بەغدا لە دایک بووە.

کۆچیدوایی: ٣١ی مارسی ٢٠١٦ لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا لە شاری مەیامی فلۆریدای ئەمریکا کۆچیدوایی کردووە.

هۆی مردن: دڵوەستان.

وڵات: خەڵکی وڵاتی عێراق بووە، ڕەگەزنامەی عێراقی و بەریتانی هەبووە.

ڕەگەز: عەرەب.

ئایین: موسڵمان، ئەندامی ئەکادیمیای بەریتانی هونەریی ژیانی پیشەیی بووە.

دیزاینەرێکی بەناوبانگی تەلارسازی بووە، زانکۆی ئەمریکی لوبنانی تەواو کردووە، بەڵگەنامەی بەکالۆریۆسی لە بواری تەلارسازی هەبووە. زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زانیوە. لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠١٦کاری تەلارسازیی کردووە.سەرەتا کارمەندی هارڤارد بووە.

هۆی بەناوبانگی: دیزاینی تەلارسازی، دیزاینی کەلوپەلی ناوماڵ، دیزاینی زیوەر ئالات، زۆر کارەکانی ئۆسکار نمایر.

خەڵات: مەدالیای زێڕینی ئەلیزابتی (ریبای هونەری هەندەسەی ) پێ دراوە.

زوهای کچی محەمەد حوسەینی کوڕی حەدید لەهیبی بووە، ناسراوە بە زوها حەدید. تەلارسازێکی عێڕاقی و بەریتانییە. باوکی محمەد حەدید ئەندامی حزبی نیشتمانی دیموکراتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بووە. لە دوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم محەمەد حەدید کراوەتە وەزیری دارایی ١٩٥٨-١٩٥٠ز. زوها، ناوەندی لە بەغدا و لیسانسی لە زانکۆی لوبنان وەرگرتووە. لە ڕشتەی (ریازیات)دا لە ١٩٧١ز. لە دواییدا ناوبانگی جیهانی لە تەلارسازیدا بەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٧ز ئەنجوومەنی تەلارسازیی لەندەنی تەواو کردووە. لەوێڕا بووە بە مامۆستای کۆلیژی تەلارسازی لە ١٩٨٧ز. هەروەها وەک وانەبێژ لە زۆر کۆلیژی میعماری تردا کاری کردووە چ لە ئەوروپا، ئەمریکا وەک: هارڤارد، شیکاگۆ، ئۆهایۆ، کۆلۆمبیا، نیوورک.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە لێیان پرسی بوو: لە کام پەیکەری ناو بەغدا ڕازیت؟ وتبووی: پەیکەری کەهرەمانە، پەیکەری هەزار و یەک شەو، کە هەردووکیان هی پەیکەرسازی گەورە (محمەد غەنی حیکمەت)ن.

شــێوەی کارەکــانی زوهــا گــەلێک مــۆدێرنن، ناســراوە بــە شێوەی (تەفکیکی)، سەرجەم ٩٥٠ پرۆژەی لە ٤٤ دەوڵەتدا ئەنجام داوە. کارەکانی هی دەست و پەنجەیەکی دونیای ڕەهای هونەرییە، بە نودرەت هێڵەکانی هێڵێکی تر دەپچڕێنێت. لە زۆربەی کارەکانیدا ئاسنی زۆرتر بەکار بردووە تا کۆنکرێت.

کـارە سـەرەتاییەکانی: سـاختمانی ئاگرکوژانـەوەی لـە ئـەڵمانیا ١٩٩٣ز، مۆزەخانەی هونەری لە ئیتالیا ٢٠٠٤ز، مۆزەخانـەی سینانی لە ئەمریکا، پردی ناو ئەبووزەبی، ناوەندی ماتماتیکی شاری لەندەن، کە تەرخانکرا بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیک ٢٠١٢. ئێزگەی تونێلـەکان لـە سترازیۆرک، ناوەنـدی ڕۆشـنبیری لـە ئازربیجـان، ناوەنـدی زانسـت، ئێزگـەی کەشـتی لـە سـالرنیۆ، ناوەنـدی پاخلیسـکێ سـەر بـەفر لـە ئنسبۆرگ، ناوەندی حەیدەر عەلیوف ڕۆشنبیری لە باکۆ ٢٠١٣ز، ئـەو کارانە بوویە هۆی شۆرەتی جیهانی.

خەڵاتی گەورە و گرانی زۆر بەدەست هێناوە، چ وەک مەدالیا یا وەک نازناو دەربـارەی پێگـەی هونـەری میعمـاری. یەکـەمین ئافرەتـە خـەڵاتی "بریتزکـر" لـە هەندەسـەی میعماریـدا وەرگرێـت ٢٠٠٤. ئـەو خەڵاتـە هاوشـانی خـەڵاتی ئۆپکـە لـە دونیـای میعماریـدا. هـەروەها ویسامی ئیمپراتۆریـەتی بـەریتانی و ئیمپراتۆریـەتی یابـانی لـە سـاڵی ٢٠١٢ز وەرگرتووە. میدالیای زێڕینی شاژنی بەریتانیا، خەڵاتی ریبا بۆ هونەری هەندەسە ٢٠١٦ز کە دەبێتە یەکەمین ئـافرەت ئـەو خەڵاتـەی

پێ دراوە. لەوێڕا وترا کەوا بەهێزترین ئەندازیاری تەلارسازی لە جیهاندا دوژمنەکانی ناوی (خانمی جاجا) لێ ناوە. ساڵی ٢٠١٠ز نازناوی چوارەمین بەهێزترین ئافرەتی ڕووی زەوییان پێداوە. ئەم بلیمەتە لە رۆژی ٣١ی مارسی ٢٠١٦ز بە وەستانی دڵ، جیهانی بەجێهڵاو لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی مەیامەی ئەمریکادا نێژراوە، مردنەکەی گەلێک کتوپڕ بووە.

ژیانی لە دونیای زانستدا:

زوها قوتابخانەی ناوەندی لە راهیباتی بەغدا تەواو کردووە، بۆ خۆی دەڵێ: کچە موسڵمانێک بووم لە (دێر)دا، هەروەها کچی یەهوودیشی تێدابوو، ئێمە بە ناچاری دەبوو بڕۆیشتینا بۆ کڵێسا و نوێژیشمان کردبا، کە دەگەڕامەوە ماڵ لە باوکم دەپرسی. ئێمە بۆ وەک ئەوان نوێژ ناکەین؟ باوکم وەڵامی دەدایەوە: ئاخر ئەوان مەسیحین و ئێمە ئیسلامین. هەروەها وتویەتی من بە شێوەیەکی سەردەمیانە پەروەردە کراوم و باوک و دایکم هیچ درێغییێکیان دەربارەم نەکردووە، ئەو پاڵپشتییە بوو بە هۆی ئەوەی باوەڕێکی زۆرم بە خۆم بێت.

هەروەها دەڵێت: لە تەمەنی شەش ساڵاندا باوکم بردمی بۆ پێشەنگای "فرانک لوید رایت" لە خانەی (ئۆپڕای بەغدا) بۆخۆم ژوورەکەم دەڕازاندەوە. ڕشتەی (ریازیات)ی لە زانکۆی ئەمریکی بەیرووتدا بە پلەی لینساس تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٨- ١٩٧١ز.

لە دواییدا رۆیشتووەتە زانکۆی تەلارسازیی لەندەن. لە ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٧ز پلەی دبلۆمی وەرگرتووە.

سەرەتا هەر وەک ئەکادیمیەک هەنگاوی ناوە لە کۆلیژە تەلارسازییەکاندا بووە بە مامۆستا. سەرەتا لە مەکتەبی هەندەسەی (ریم کولاس والیا) دەستبەکار بووە، لە دواییدا مەکتەبی تایبەت بەخۆی لە لەندەن دروست کردووە. هەر لەو مەکتبەدا توانی ناوبانگێکی زۆر بەدەست بهێنێ. سەرەتای کاری دیزاینی (یانەی بالآی لە هۆنگ کۆنگ لە ساڵی ١٩٩٥دروست کردووە. پرۆژەی (خانەی کاردیف بای ئۆپرا بەریتانیای لە ساڵی ١٩٩٤زهەبووە.)

زوها ژمارەیەکی زۆری پێشەنگای نێودەوڵەتی دروست کردوون لە ئەنجوومەنی میعمارانی لەندەن ١٩٨٣ز. لە جوحنهابمی نیۆرۆک١٩٧٨. هەروەها گالەری لە تۆکیۆ ١٩٨٥ز، مۆزەخانەی نوێی نیۆرک ١٩٨٨ز. لە بەشی لە یەکدانەوە بەرزەکانی زانکۆی هارڤارد١٩٨٤ز. هۆڵی چاوەڕوانیی ئیزگەی نیۆرک ١٩٩٥ز، برێک پێشەنگای هەمیشەیی لە مۆزەخانەی هونەری نوێدا لە نیۆرک. مۆزەخانەی تەلارسازی لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. لە ساڵی ١٩٩٤ بوو بە مامۆستای دیزاینی میعماری کینزۆتاجیە لە زانکۆی هارڤارد، پێگەی سولیفان لە زانکۆی شیکاگۆ مامۆستای میوان زانکۆی ییل. زنجیرە کۆڕێکی دەربارەی تەلارسازی. لە زۆر کۆمەڵگەی هونەریدا ئەندام بووە.

## خێزانی زوها

دەڵێت خانوویەکی لە بەغدا هەیە و و یەشتا ماوە، هی ساڵانی سییەکانە. دایکی خانەدار بووە، باوکی خاوەنی کۆمپانیایەکی سەنعەتی بووە، یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی حیزبی نیشتمانی دیموکراتی، وەزیری دارایی عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم بووە، دایکی حەزی لە نیگارکێشان کردووە.

زوها مێردی نەکردووە، هیچ منداڵێکی نەبووە.

## شێوەی کاری

زوها لە هاڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی گاردیاندا دەڵێت:باوکم بردمانی بۆ دیتنی ناوچەکانی سۆمەریەی کۆن، بە بەلەم رۆیشتین، لەوێڕا لم و ئاو و قامیش و باڵندە لەو دەمەی ڕا عیشقی تەلارسازی کەوتبووە خولیامەوە. زوها زۆر سەرسامبووە بە (ئۆسکار نیمار) بەتایبەت هەست بە پەنتاییکردن لە دیزایندا. ئەو تێفکرینە وای لێ کردم زۆربەی کارەکانم حاڵەتێکی داکشانی پێوە دیاربێ هەر ئەو حاڵەتە ناسراوە بە تەلارسازی (تەفکیکی) یانی ئەندازەی نارێک و بێ دابڕان. زۆرتر ئاستی ئەستوور و قەبەی بەکاربردووە تابتوانێت باروقورسایی زۆرتر هەڵگرێ، بتوانێ ئازادانە فۆرم و شکلی رەها بسازێنێت. خاڵی سەرەکی کارەکانی زوها لەوەدایە شێوەی تەلارسازی گۆڕیوە و شێوە و دیمەنێکی تایبەت بەخۆی لە دونیای

تەلارسازیدا بە وجوود  بهێنێت و وابزانرێت ئەو کارانە بەشێک بن لە خەیاڵ. ئەوە حاشاهەڵنەگرە زوها توانی لە سەدەی بیستەمدا لە بنەماوە تەلارسازی بگۆڕێت و ببێتە خاوەن قوتابخانەیەکی تایبەت. بەخۆی هەندەسەی (ئیقلیدیسی)کە دەگەڕێتەوە بۆ (ئقلیدس)ی زانای زانستی (ریازیات)ی سەردەمی یۆنان. بۆخی دەڵێت: دیزاینەکانم لەناو شارەکاندا بە باشی دەتوێنەوە و خەڵکەکە هەست بەنامۆیی ناکەن تیایدا. ئەگەرچی گوڵتەکان خوارن و نیمچەکان هەڵواسراون. لەم ڕووەوە ڕەخنەگرانی دونیای تەلارسازی بەکارەکانی زوهایان وتووە: تەجدیدی دینامیکی.

## تەلارسازی خەیاڵی

قووڵایی خەیاڵ و فەنتازیات بە بڕبڕاگەی دیزاینەکانی زوها دەژمێردرێت. بڕێک لایان وایە ئەم جۆرە دیزاینانە مرۆڤی ئەمڕۆ توانای پیادەکردنیان نییە و نابێت. زۆربەی کۆڵەکەکانی ناو دیزاینەکانی ئەوەندە خوارن ترس و تۆقین دەخەنە فکری بینەر کەوا هاکە هەرووژا. بۆیە زۆر لە ڕەخنەگران لایان وایە دیزاینەکانی زوها تەنها لەسەر کاغەز ڕادەوەستن. دوای ئەوەی پرۆژەی مۆزەخانەی زانستی لە (فۆلفسیۆج) لە باکووۆی ئەڵمانیا تەواو کرد، بۆ ئەو ڕەخنەگرانە دەرکەوت. ئەوی گوتویانە دروست نییە و ئەوی ئەو دیزاینی کردووە بە جوانی ئەنجام دراوە.

یەکێک لە ڕەخنەگران دەڵێت: تەواوی دیزاینەکانی زوها وێڵن، هیچ هێڵێکی عەموودی یان ناوقەدبڕی تیادا نابینرێت. هونەرمەندانە ئەوی هەستی پێی کردووە ئەنجامی داوە، هیچ سنوورێکی تێدا نییە، نە ڕووی هەیە و نەپشت. وەک وابێ ئەو تەلارە لە ئاسماندا لە فڕێندا بێت، یان وەک کەشتییەکی ئاسمانی دەیەوێ بەسەر زەوییەوە بنیشێتەوە، ئیتر ئەوە زوهایە و کەسی تر نییە.

## کارە میعیارییەکانی

زوها زۆر کاری کردووە، بۆیە کارەکانی گەیشتنە سەرتاسەری جیهان وەک ئێستگەی ئاگرکوژانەوە لە ئەڵمانیا، مۆزەخانەی هونەری تازە لە شاری سینسینانی لە ئەمریکا، ناوەندی هونەری نوێ لە رۆما، پێشەنگای ناوەندی عەقڵ لە شاری لەندەن. ناوەندی ڕۆشنبیری لە ئازربایجان، پردی شێخ زاید، ئیزگەی تونیلەکان لە ستراسیورگ، ناوەندی زانست لە وسبورگ، ئیزگەی کەشتی لە سالیرینۆ.

## ئێزگەی شەمەندەفەری ستراسبورگ- ئەڵمانیا:

بەڕێوەبەرانی شاری ستراسیورگ هێڵێکی مەترۆی دروست کرد تا خەڵکی شار کەمتر لە ئۆتۆمێلەکانیان سوود وەرگرن، هێڵی ژمارە ٨ کە لە باکووری شارەوە داکشاوە بۆ باشووری شار. لە ساڵی ١٩٩٨ز زوها بانگهێشت کرا بۆ دیزاینی ئێزگەی سەرەکیی ئەو پڕۆژەیە، لە ساڵی ٢٠٠١ ز تەواو کرا. جێگەی وەستانی ئۆتۆمبێل و

هاتووچۆی هەزاران کەس لـەو ناوەندەیـدا، تـەواوی هێڵـەکانی مـەترۆ بەرەو ئەو ئێزگەیە دەڕۆن و تەواو دەبن.

## هۆڵی عەقڵ لە لەندەن ١٩٩٨- ٢٠٠٠ز:

ئـەم هۆڵـە یەکێکـە لـە چلەهـەمین هـۆڵ لـەناو شـاری لەندەنـدا. بەبۆنەی دەستپێکردنی هەزارەی سێیەمەوە هاتە کایەوە دیزاینی ئـەم هۆڵە لە لایەن "زوها" وە ئەنجام دراوە و لەوێڕا گرنگی داوەتە عەقڵی بەشەر. لەوێڕا ئەوی ئامێرە تازە باوەکان هەیە خراوەتە بەر تەماشا، لەوێڕا دەرودیواری بنمیچ لە شووشە دروست کراوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ز زوها لە پێشبڕکیەکی دیزاینی پاخلیسکەی سـەر بەفر، پلەی یەکەمی بەدەست هێنـاوە و دەسـت بـەو کـارە کـراوە لـە ساڵی ٢٠٠٢ز تەواوکراو شاری پێ ڕازانرایـەوە. لـەو دیزایەنـەدا جێگـە بۆ ئامێر و پێداویستییەکانی وەرزشی زستانە تەرخانکراوە، جگـە لـە شوێنی پاخلیسکەکە کـە ٥٠ مـەتر بوڵنـدە و ٩٠مـەتر درێـژە، لـەوێڕا بـورجێکی بـەرز و بوڵنـدی تیادایـە هاوئاهەنگـە لەگـەڵ چیاکـانی دەوروبەریدا، لەوێڕا کافتریایەک لە شووشە دروست کراوە لە بوڵنـدی ٤٠م بە ئەسانسۆر خەڵکەکـە دەبرێنـە سـەرەوە. تـا لـەوێڕا تەماشـای بەشداربووانی پاخلیسکەکە بکەن.

## هۆڵی تەماشا لە باخچەی ئەڵمانیا ١٩٩٩ز

ئەو دیزاینــە بـۆ باخچەیەکـە لـە شـاری (ویلجـرین) ئـەم دیزاینـە تەواوی ڕێگەکانی ناو شار لەوێ تەواو دەبن.

## ناوەندی فاینۆ بۆ زانست ٢٠٠٠- ٢٠٠٥ز.

ئەم دیزاینە لە ئەڵمانیا دروست کراوە، لـە شـاری ئولفسـویۆرگ بەسـەر زەویەکدا کـە ١٢مـەتری چوارگۆشـەیە و یەکێکـە لـە دیزاینـە جوانەکانی سەرتاسەری ئەڵمانیا، کە بینـەر ئـەو ساختمانە دەبینـی، سەرسرمانی تووش دێت، چەندان ساختمانی بە یەکەوە پەیوەندە بـە شـێوەیەکی (انسـیایی)زەرافەت و هـەم ئاهەنگەیـەکی سەرسـام ئـاور نیشان دەدا. لەوێرا گوڵتەی زلزەلامی مەخرووتی دەبنی. ساختمانەکە بــە درێــژی ١٥٤مــەترە وا دەردەکــەوێ ســاختمانەکە وەک وابــێ بــە ئاسـمانەوە بێـت، لـە ژێـر زەویـدا رێسـتورانت و فرۆشـگا هـەن، کـە لەسەرەوە سەیری خوارەوەی دەکەیت دەڵێی دەمی گڕکانە، ئیتـر بـۆ هەر کوێ بنواڕی، پڕە لە داهێنان و جوانی.

## پڕۆژەی ئیزگەی کەشتی لە سالیرنۆ ٢٠٠٠ز

ئەم پڕۆژەیەش بە شێوەی پێشبڕکێ بە "زوها" سـپێردراوە. ئـەم دیزاینە پێوەندییەکی نێوان زەوی و دەریایە، وەک وابێت وشکایی لـە دەریادا توابێتەوە، هەروەها وەک گەوهەرێک وایە لە دەریاوە هاتبێتـە دەرەوە، ئــەو لەنگــەرە پەیوەنــدە بــە گۆڕەپــانی ئــازادی شــارەوە.

دیزاینەکە تا ڕادەیەک لە کەشتی دەچێت.، پیادەڕەوەکانی لار و خێچ دەتباتە ناو هۆڵی ڕۆشنبیری و هونەرییەوە.

## ساختمانی B.M.W ٢٠٠١-٢٠٠٥ز/

دیسان ئەم پرۆژەیە لە ڕێگەی پێشبڕکێی میعمارییەوە سپێردراوەتە زوها لە ئەڵمانیا لە ٢٠٠٥ز. لەوێڕا بیر لەوە کراوەتەوە کەوا ئەو پڕۆژەیە گەورتر بکرێتەوە. بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە، هەر سێ بەشەکە لە یەک جیاوازن، بە پیادەڕۆ بە یەکەوە پەیوەند دەدرێن. بەشێکی تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی بۆدی ئۆتۆمبێل، بەشێکی تایبەت کراوە بۆ ڕەنگئامێزی، بەشی سێیەم بۆ کۆکردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانە.

## خانەی ئۆپیرای عوانزو ٢٠٠٣-٢٠١٠

ئەم پرۆژەیە لە وڵاتی چین پیادە کراوە، لە گەورەترین پرۆژەی ئۆپیرایە لە وڵاتی چیندا. بە سێهەمین گەورە ئۆپیرای وڵاتی چین هەژمار دەکرێت. بەسەر زەوییەکی ٢٠٠٠٠م دروست کراوە.

## ناوەندی هونەری نوێ لە رۆما ماکسی ٢٠٠٣- ٢٠٠٩ز.

ناوەندی تەلارسازی و هونەری سەردەمانە لە رۆمادا بە یەکەمین مۆزەی هونەری سەردەم دەژمێردرێت. ئەگەرچی زۆربەی دیزاینەکانی ناو ئیتالیا بە شێوەی کلاسیک ئەنجام دەدرا. بۆ ئەم دیزاینە پەرلەمانی ئیتالیا ڕەزامەندیدا تا بە شێوەی مۆدێرن دروست کرێت،

لـە دەڤـەری فـەلامینیادا بەسـەر زەویـەکی ٢١م هـەزار مـەتری چـوار گۆشەوە لە زەویەکی  لە ماوەی شەش ساڵدا دروست کراوە، سەت و پەنجا ملیۆن یۆرۆی تێچووە. لە دوو بەش پێکهاتووە، هاوشانی یـەک ناویان جیاوازە.

## مۆزەخانەی ریڤەرساید ٢٠١١- ٢٠٠٤ز

لـــە شـــاری کلاســـکۆی ئوســـکوتلەندەدا دروســـت کـــراوە بەســـەر ڕووباری (کلاید)ەوە بە بوڵندی ٣٦مەتر دروست کـراوە. بنمیچەکـەی لە ناوە. پـڕ لـە پـێچ پێچـە. زۆربـەی زۆری ئـەو پڕۆژەیـە بنـەماکانی ئاسـنن، جێگەیـەکی تیـادا نییـە، ئـەم پڕۆژەیـە ١٠٦ملیـۆن دۆلاری تێچووە.

## ئێزگەی شەمەندەفەر لە نەمسا ٢٠٠٤- ٢٠٠٧ز

لە شاری ئەمسبۆرگ لە نەمسادا بە درێژایی هەزار و هەشت سەد مەترە.

بورجی سی، ئێم، ئای، سی، جی، ئێم لە مارسیلیا٢٠٠٥-٢٠١٥ز

ئەم کۆمپانیایە گەورەترین کۆمپانیای کەشتیوانی فەرەنسایە. لـە شاری مارسیلیای باشـووری فەرەنسـادا دروسـت کـراوە. لـە ئاسـن و شووشە دروست کراوە، ٢٥ نهۆمە.

**ناوەندی حەیدەر عەلیۆف لە باکۆ ٢٠٠٦-٢٠١٣ز**

یەکێکە لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانی دونیای ئەمڕۆ لە باکۆی ئازەربایجاندایە، حەوت ساڵی کێشاوە تا تەواو بووە. پێچ و لوولخواردنی ئەو ساختمانە زۆرتر لە شەپۆلی دەریا دەچێت، لە زەوییەکی سەت هەزار مەتری چوارگۆشەدا دروست کراوە، تاڤگەیەک لە بوڵندییەوە دێتە خوارێ.

مۆزەخانەی هۆڤەر ئیلی وایدسن ٢٠٠٧- ٢٠١٢ز

مۆزەخانەی هونەری سەردەمە لە ئەمریکا دروست کراوە.

دونج دایمۆن دیزاین پلازا ٢٠٠٧- ٢٠١٣ز

ناوەندی ڕۆشنبیریە لە سئولی کۆریای باشوور، گەورەترین سێ بوعدی ساختوانی جیهانە.

**پردی شێخ زاید**

٢٠٠٧-٢٠١٠ز

پردێکی کەوانەییە ٦٠مەتر بوڵندە ٨٤٢مەتر درێژە.

**ناوەندی یاری ناو ئاو ٢٠٠٨- ٢٠١٠ز**

لەناو شاری لەندەندا دروست کراوە، دیمەنی ئەو ساختمانە وەک دۆڵەپەئاوێک لە جوڵەدایە.

**پردی جەناح ٢٠٠٨**

ئـەم پـردە لەسـەر قستەی ئیسـپانیادا دروسـت کـراوە، درێـژی ٢٦٠مەترە. پانتایی ٣٠مەترە.

مۆزەخانەی گۆگنهام ٢٠٠٩-٢٠١٣

ئەم پڕۆژەیە لە وڵاتی لیتوانیـادا دروسـت کـراوە، بـە شـێوەیەکی زەریفی تەلارسازی دروست بووە.

مۆزەخانەی گۆگنهایم و ئارمیتاژ ٢٠٠٩-٢٠١٣

ئـەم پرۆژەیـە لـەنێوان لیتوانیـا و مۆزەخانـەی ئارمیتـاژ دروسـت کراوە.

هۆڵی بتهۆڤن بۆ مۆزیک ٢٠٠٩

لە شاری بوزدا دروست کراوە بەسەر ڕووباری رانیەوە.

قاهیرە ئلسیوستی ٢٠٠٩ز

پڕۆژەیەکی گەورەیە لە شـاری قـاهیرەدا دروسـت کـراوە هۆتیلـە، ناوەندی پێشەنگایە ٣٣نهۆمە.

ماڵی شاعەبدوڵڵای رۆشنبیری لە عەمان  ناوەندێکی رۆشنبیرییە.

بانکی ناوەندی بەغدا ٢٠١٢ز

کتاوخانەی ناوەندی فێربوون لە ڤیەننا ٢٠١٢

ئەم دیزاینەیش دیسان لە پێشبڕکیەکی تەلارسازیدا بە دەستی هێناوە.

دیزاینی کەشتی تایبەت"یەخت" ٢٠١٣

ناوەندی تشاتڤشا میکسهۆی جیهانی ڕۆشنبیری ٢٠١٣ز

ئەم تەلارە ٨٠٠کورسییە لەسەر زەوییەکی ١٥٠٠٠مەتری چوار گۆشەیە، شانۆیە، مۆزەخانەیە.

هۆڵیئۆپڕای دوبەی ٢٠١٦

لە ناوەڕاستی شاری دوبەی دایە. چەندان هۆڵی جیاجیایە سێ ساڵی کێشاوە تا تەواو بووە.

ئێزگەی میترۆی ریاز٢٠١٧

بەسەر زەوییەکی ٢٠هەزار مەتریەوە دروست کراوە.

پەیمانگای (میام فارس) بۆ کاروباری نێو دەوڵەتی لە زانستگەی ئەمریکی لە شاری پیرۆن ٢٠١٤بەسەر زەویەکی ٣٠٠٠مەترەوەیە.

شانۆی گەورە لە شاری ریباتی مەغریب ٢٠١٤

٢٠٥٠کەس دەتوانێ تیادا دانیشێت.

ناوەندی لێکدانەوەی بیروڕای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ٢٠١٥-٢٠١٦بەسەر زەوییەکی ١٨٢٧مەتری چوارگۆشە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە لەندەن ١٢٠ کورسی تیادایە.

ئستادی یاری نیشتمانی لە یابان ٢٠١٥-٢٠١٦ز.

ناوەندی مەلیک عەبدوڵڵا بۆ لە یەکدانەوەی کاروباری نەوت.

کابسارک ٢٠١٦

لە شاری ڕیازدایە، ئستادی یانەی وەکرە لە قەتەر ٢٠١٦- ٢١٨ز

بوڵندییەکەی ٤٨مەترە لە ساڵی ٢٠٢٢ز تەواو دەبێ.

ناوەندی کلتووری عیمرانی

ئەم دیزاینە وابڕیارە لە شاری "درعیە"ی سعودیەدا دروست بکرێت، کە تا ئێستا نەکراوە.

زوها دیزاینی وەها مۆدیلی جلوبەرگی زۆر کردووە، هاوکاری گرووپی "لوئی فیتون"ی کردووە بۆ ژانتا دروستکردن. دیزاینی قۆنەرەی ژنانە و پیاوانەیشی کردووە، هەر بەوەیش ڕانەوەستاوە کەوتە دیزاینی قەنەفە و مۆبیلیاتی ناو ماڵ کە لە پێشەنگای میلانۆدا خرایە بەر تەماشا. هەروەها بڕێک لە کارەکانی لە نمایشگای (مدین مۆبیل) نیشان درا.

مردنی:

له شاری مەیامەی ئەمریکا کۆچیدوایی کردووه له ١٣ی مانگی مارسی ٢٠١٦ له تەمەنی ٦٥ساڵیدا به وەستانی دڵ له کاتێکدا ئەو تووشی ئنفلۆنزا هاتبوو.

عێراقی ئەم دەمە سەیرە

مەرگی زوها دونیای هونەری و ڕۆشنبیری جیهانی هەژاند، وەک ڕووداوێکی هەرە گەورەی سەرتاسەری جیهان سەلمێنراو، ئیتر له هەر چوارگۆشەی جیهاندا پرسە و سەرەخۆشی و بیرەوەرییان بۆ کرد، تەنها وڵاتەکەی خۆی نەبێت.

لەوەی دڵنیام نەک خەڵکە زۆرەکە، بەڵکوو زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بچووکترین زانیارییان لەبارەی زوها نەبووە... ڕەنگە بە خواردەمەنییان زانی بێت، سەیرە!

له وڵاتێکی وادا ژنە هونەرمەندێکی جیهانی بمرێت و وڵاتەکەی خۆی نەیناسێت، بەڕاستی لەو خوارەیدا چ ئومێدێک بە پاشەڕۆژ" خوسرەوجاف"

## وتەی قەدەغەکراو

پلەی زانستیی مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێکی بوڵندی وا سبەی پەنجە لە ئەستێرەکان دەکوتێ و ڕازە هەڵنەهێنراوەکان دەخاتە بەرچاوی مرۆڤایەتی، لەو ڕووەوە وەک مرۆڤێکی سەر ئەم تۆپی زەوییە شانازیم بە بەشەربوونمەوە دەکرد، تا پەلاماری بێ ئامانی "کۆڕۆنا" دەستی پێ کرد، ئەو دەم پەییم بە هەڵەبوونی خۆمم برد، زانیم مرۆڤ چەندە زەبوونە بەرانبەر نەزانراوەکاندا. لە پێش ڤایرۆسی کۆڕۆناش جاروبار خۆم دەدوان. کوڕە! جارێک مرۆڤ لە زۆر ڕووەوە دەستەپاچەیە، ئەوە نییە بەم هەموو زانستەیەوە یەشتا بە وردی ئاگاداری نەخۆشییەکانی مێشکی مرۆڤ نییە و بەرانبەر جەڵتەی مێشک مرۆڤ دەستەپاچەیە و هیچی پێ ناکرێت، زۆر لە ئازیزانم بە بەرچاومەوە لە چرکەیەکدا وەک سویچی کارەبا کوژاونەتەوە و لە هەفتەیەکدا ئەندامەکانی کەی لەشیان وەستاون و گەڕاونەتەوە بۆ لای خوا.

ئیدی ئەوە شێرپەنجەیە، ئایدزە، بڕێکی تریشی نەزانراوەکانە، یەشتا هەر وەک خۆیان ماونەتەوە و وا پەتای "کۆڕۆنا"یشی هاتە سەر. بێگومان ئەمڕۆ نا، سبەی نەزانراوی تریش بە ڕێگەوەیە.. دەی بمانەوێ و نەمانەوێ، کۆڕۆنا زۆر شت و بابەتی گۆڕیوە، هەر کەسە و بە گوێرەی خۆی، تەنها لە خۆپاراستندا سەرتاسەری

مرۆڤـایەتی وەک یەکـن و وەک یەک دەسـتەپاچە و دامـاو و گێـژ و وێژن.

بەندە بەبێ پەتای کۆرۆنایش مانگی جارێک، ئەویش بـۆ کـارێکی پێویســت نەبووبێــت نە دەرۆیشــتمە دەرێ و زۆرتــر بە نووســین و خوێندنەوە سـەرقاڵدەبووم، بەڵام لەوەتەی کـارەکە بـووەتە زۆرەملـێ لام خۆشــە کاریشــم نەبێـت بـرۆمە دەرێ! ئەوەیـش لە خووخولیـای بەشەرەوە زۆر ئاساییە.

دەی ئەوەسا زەمانێکە لەماڵەوەم و زۆریش سوودم لە زۆرەملێی ئەم کۆرۆنایە بردووە و ئەو کارانەی ئەوسا نەمدەپەرژایە سـەریان لە ناچاریـــدا ملـــم پێوەنـــاون و خەریکیـــانم، لە پشـــکنین و دەستبەدەســتکردنی دەســتنووس و دەفــتەر و مەفتەرەکانمــدا، زۆر نووسراوم کەوتە بەرچاو، زۆر دەفتەری نووسراوی لە بیرچووی خۆمم دۆزیوەتەوە، ئەوەسا خەریکی رێکوپێک کردنیانم، زۆربەیان هی چل، پەنجا ساڵ لەمەوپێشن. ئەم چەنـد پەرەیەش وا دەربـارەی ئـافرەتە، یەکــێکە لەوانە.. ئەوانەی وا دەیخــوێنیتەوە بۆچــوونی میللەتــانی جۆراوجۆری جیهانن، رەنگە بەنـدە لەگەڵ زۆرێـک لەو بۆچوونانەیـدا کۆک نەبم، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت بڵاویان نەکەمەوە.

مــن وەک خوســرەوجاف رێــز و ستایشــێکی زۆرم بــۆ رەگەزی مێیینــە هەیە و سەلماندووشــمە وەک: پەیــکەر یــان نووســین، یــان

هەڵبەست خستوومنەتە بەرچاو، تا فکر و قەڵەم و بازووم گورپیان بمێنێ، لە قەناعەتەکەمدا بەردەوام دەبم.

ئومێدەوارم ئێمەی کورد دەربارەی ڕەگەزی ئافرەت و پێگە و جێگەی ئافرەت بە خۆماندا بچینەوە، وەک میللەتانی تر چۆن دەربارەی ژن و ژنایەتی قەناعەتیان گۆڕاوە، ئەوانەی دەربارەی ژن لەبەر دەست دایە، زۆربەی زۆریان بۆچوونی کەلتوورە جیاوازەکانن، لەوەی دڵنیام ئێستا وا بیر ناکەنەوە و سەلماندوویانە ئافرەت لە هیچ ڕوویەکەوە لە پیاو کەمتر نییە، ئەم بیروبۆچوونانە کە هی باووباپیرانی خەڵکی ئەمریکا و بەشێکی زۆری ئاسیاییە، ئەگەر وەک کتاوچەیەک ئەمڕۆ لەم وڵاتانەیدا بڵاوبکرێتەوە، سەدان گیروگرفتی دادگایی لێ دەکەوتەوە... جا بۆیە لەو وڵاتانەیدا بە بۆچوونی من قەدەغەکراو دەدرێن لە قەڵەم و لە چاپکردنیان پارێز دەکەن.

خوسرەو جاف
٢٠/ ٦/ ٢٠٢٠
هەولێر





- زمان شمێشێری ژنانە و نایەڵن ژەنگ هەڵبێنێ.
- ڕێگەی ماڵی دەزگیران دڕکوداڵی نییە.
- ژن ئەگەر پەیوەستە ماچ نەکرێت، دەژاکێ.
- ژنی ناشرین دوژمنی ئاوێنەیە.
- ژن کێشە و هەراسازە تا تاموچێژی مەغلووبییەت بزانێ.
- ناشرینی پاسەوانی بێ مووچەی ژنە.
- ژن هەرچی زۆرترناڵەناڵ بکات، خەفەتی کەمتر دەبێ.
- جوانیی ئافرەت وەک چەقۆی تیژ وایە بە دەستی منداڵەوە.
- ژنی نانەجیب وەک خۆراکی بێ خوێ وایە.
- هاوسەرگیری بازنەیەکە ئەوانەی تێیدان حەز دەکەن لێی وەدەرچن، ئەوانەی لە دەرەوەی بازنەکەن، لایان چاکە بڕۆنە بنەوانیەوە.
- ژن، جوانی زیندەگانییە.
- ژن حەفتا فێڵ دەزانێ، حەفتاهەمینیان گریانە.
- ژنی بێ حەیا مێردی پیاوە.
- زامی ئافرەت ماچ تیماری دەکات، نەک ڕەچەتەی پزیشک.
- زمانی ژن هەشت سانتیمەتر درێژە، دەتوانێ پیاوێکی درێژ دەستەمۆ بکات.
- ژن قەڵایە و پیاو تێیدا زیندانییە.
- ژنی زیرەک ئەوەیە زۆر دەزانێ و کەم دەدوێ.
- ژن قامچی شەیتانە.

- ژن بە چاویدا تەمەننا و حەزی دیارە، بەڵام زمانی لە هارِین دایە.
- ژن لە سێوەر دەچێ، بە دوایدا برِۆیت دەرِوا، لێی دوور کەویتەوە بە دواتا دێت.
- ژن لە شووشە دروست کراوە.
- جوانیی ئافرەت زیانبەخشە، هەم بۆخۆی و هەم بۆ خەڵکیش.
- ژن و کاڵەکەک زۆر بگەیەن زۆر باش دەرناچن.
- ژن، ژانە!
- ژن تەنها لەگەڵ بێوەفاییدا وەفادارە.
- بەلای ئافرەتەوە ماچکردن کلیلە، رِازهەڵهێنەرە، پەنجەمۆرە.
- ژن حەپێکی تاڵە، دەبێ بە تفی شیرین تەرِی کەی تا قووتی دەی.
- ژن ئەگەر گوێرِایەڵی مێردەکەی بێت، لە بنەماوە بووەتە فەرمانرِەوای.
- ژن و شووتی لێگەرِێ با جوان پێبگەن.
- ژیان بێ ئافرەت وەک ساڵی بێ وەرزی هاوینە.
- ژن و فیل خراپەی کەس لەبیر ناکەن.
- ژن کەوتە دوعاکردنی خراو و چاک، بزانە بەرنامەیەک لە ئارادایە.
- ژن لە ژوورێک نەما، ئەو ژوورە ئاساییشی بۆ دەگەرِێتەوە.
- ژن زۆر بەرانبەر ئاوێنە وەستا،ماڵەکەی پەرِپووتە.

- ژن هەر کات هەوەسی هەبێ پێدەکەنێ و دەگری.
- ژنی مەغروور ئاڵۆز و ترسناکە لێی دوورکەوە.
- جوانیی ئاسمان بە ئەستێرەکانیەوە، جوانیی ئافرەت بە سەر و زوڵف و ئەگریجەیەوە.
- ژن و شووشە جێگەی مەترسین.
- ژن پاسکیلە پیاوی دەوێ جوان لێی خوڕێت.
- ژن بۆخۆی گیانلەبەرێکی ژیرە، کە کەوتە بیرکردنەوە دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکات.
- ژنی عاشق ڕاستگۆیە، بەڵام تەواوی وتەکانی ناڵێتەوە.
- ژنان بۆ ئەوەی ژێر کەون لە بەربەرەکانیدان.
- ژن زوو ڕای دەگۆڕی، تا دوێنێ دوژمنی کابرا بووە، ئەوەسا بووە بە هاوسەری.
- ژن و ئەسپ و کەشتی، پیاوی لێزانیان دەوێ.
- ژنی عاشق بووە دوژمنی هەرکەس، دوژمنێکی خەتەرناکە.
- ژن بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست سەد ڕەنگ دەگۆڕێت.
- ژنی یەکەمت کۆیلەتە، دووهەمیان هی ناوجێگەتە، سێهەمیان ئاغاتە.
- ژنی گەنج بۆ پیاوی پیر جوانە!
- ژنێک لە یەک کاتدا دوو کەسی خۆشبوویت، لەگەڵ هەردووکیاندا درۆ دەکات.

- ژن بـۆ ئەوەی درۆ بـاش بکـات، هەر زوو خـۆی فێـری گریـان دەکات.
- ژن لە یەک ساتدا ٧٧ بیرۆکەی لەسەر دایە.
- ژن و مێردی، گۆڕستانی عیشقە.
- ژن حەوت گیانی تیادایە.
- ژن تا نەبووەتە ژنت دڵگیرە، کە بوو فاتیحای لازمە.
- ژنی جوانکیلە لە وەرگای چاوە، دۆزەخی ڕووحە.
- ژنێک دانیشتووی بەر دەرگەی ماڵ بێت نابێتە ژنی ماڵ.
- ژن ئەو کەسـەی زۆرتـر خـۆش دەوێ وا بە ئاسـانی تەسـلیمی نەبووە.
- ژن و مریشک لانەواز بوون حیسابیان تەواوە.
- ژن ئەوەندە ماچی بکە تا ڕەنگی دەگۆڕێت.
- بەڵێنی ئافرەت نووسراوی سەر ئاوە.
- ژن بۆ جزدانی پارەی پیاو خولقاوە.
- ئافرەتی حەسوود و بەدگومان ژیانت لێ دەکاتە دۆزەخ.
- ژن و قەرز وەک یەک وان، لە دوورەوە جـوانن، نزیکبـوویتەوە گازت لێ دەگرن.
- ژنێک لە مێردەکەی ترسا جێگەی باوەڕ نییە.
- جوانی چەکی ئافرەتە.
- ژن وەک پیـازە لە دوورەوە سـپی و سـۆڵە، کە لەتـی دەکەیـت فرمێسکاوییە.

- ژنی بێ پیاو وەک حەوشی بێ دەرگایە.
- شمشێری ژن لەنێو دەمیەتی.
- جوانی و فەزیلەت سەرمایەی ڕاستەقینەی ئافرەتە.
- ژن و شەڕاب پیاو لە جادەی ڕاست وەدەر دێنن.
- منداڵبوون کاری هەرە گەورەی ئافرەتە.
- ژنی زەریف دەردەسەرییەکانیشی هەر زەریفن.
- ژنی جوان و زەوی باش، مایەی گرفتارین.
- ژن وەکوو مایین وایە سوارچاکی چاپووکی دەوێت.
- ئەگەر دەتەوێ ئافرەتێک هەڵنێیت تاریفی بکە.
- ئەگەر ویستت ڕازەکەت بڵاوبێتەوە بەلای ئافرەتێکەوە بیدرکێنە.
- ئەگەر پیاو کەوتە دوای ئافرەت سەرەنجامی ژنهێنانە.
- تۆ بڵێی هەبێت لە ئافرەت و پارە ماندوو بێت؟
- ئەگەر بە فەرمانی ژنەکەت هەڵسوکەوت دەکەیت، ناوی پیاو لەسەر خۆت لابە.
- ئەگەر ژنەکەت حەسوودە بزانە تۆی خۆش دەوێت.
- ژن بە ڕاستی عاشق دەبێت و پیاو لە ڕووی هەوەسەوە.
- لە ژنی ریشدار و پیاوی کۆسە بترسە.
- ئافرەت دوو فرمێسک دەڕێژێت، یەکەمیان بۆ بۆ غەم و دووهەمیان بۆ درۆ و دەلەسە.
- ئەگەر پیاوی ماڵ سەرخۆش بێت نیوەی ماڵ سووتاوە، ئەگەر ژنی ماڵ سەرخۆش بێت تەواوی ماڵ سووتاوە.

- ئەگەر پیاوی خراپ شەیتان بێت ژنی خراو خودی دۆزەخە.
- ئەگەر ویستت پێڵاوی باش دروست بکەیت، با پاژنەکەی لە زمانی ئافرەت بێت.
- بە تەمای ماچی تامدار لە ژنی کەپوو زل مەبە.
- لە پشتی سەری هەر پیاوێکی گەورە، ئافرەتێکی مەزن وەستاوە.
- ئەگەر بە دوای ژنی بە ساڵاچووبی، دەبیتە بنکرخۆر.
- لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ڕاوێژ بکە، بەڵام بە گوێی مەکە.
- بۆ بەردەوامیی ژن و مێردی وا چاکە پیاو کەڕبێت و ژن کوێر.
- بە قەرز و قوڵە ژنهێنان گرفتاری زۆرترە.
- بۆ ماڵ چوار شت پێویستە، ژن، پشیلە، دەرمان، کەڵەشێر.
- ئەگەر بتەوێ ژنەکەت هەڵبخەڵتێنی پێی بڵێ جوانی.
- پیاو هەر تاوانێکی لێ بووەشێتەوە بە بچووک دادەنرێت.
- تاوانی ژن بە گەورەی گەورە لە قەڵەم دەدرێت.
- دوای سێ ڕۆژ، ژن و مێوان بێ تامن.
- لەنێوان ژنی لاڵ و پیاوی کوێردا سازش بەردەوامە.
- بەهار کچێکی جوانە، هاوین دایکە، پاییز بێوەژنە، زستان باوکی ژنە.
- منداڵ باوکی نەبێت نیوە هەتیوە، کە دایکی نەبێ هەتیوی تەواوە.
- باشترین ئافرەت ئەوانەن وتەیان بە دواوە نییە.

- وا باشە لە پێنج شت پارێز بکەیت، ژن، ئەسپ، شەو، ڕووبار، جەنگەڵ.
- ژن و پشیلە لە تاریکدا ڕەشن.
- دۆزەخ پڕ لە ئافرەتی بەڕەڵایە.
- فیل بەو گەورەییە تەڵێک پرچی ئافرەت پەیوەندی دەکات.
- شەیتانیش نازانێت ژنان چەقووەکانیان لە کوێ تیژ دەکەن.
- خۆشترین دەمی ئافرەت ئەو دەمەیە وا بەزاز قوماشی بۆ دەبڕێت.
- هەتاوی زستان کەم ڕەمەقە، هەر وەک خۆشەویستیی باوەژن وایە.
- ماڵی بێ ژن وەک بیری بێ دۆڵچەیە.
- ماڵ، دونیای ئافرەتە و دونیاش ماڵی پیاوە.
- ئافرەتی جوان و حاڵەتی خۆشەویستی دوو دیاردەی ژیانن.
- قەیرە کچ و پیاوی پیر یان زۆر باشن، یان زۆر خراپن.
- دڵی کچێکی تازە پێگەیشتوو، ژوورێکی تاریکە.
- کچی ئافرەتێکی باش مارە بکە.
- کچێنی هەتاوە، پاکدامێنی مانگە، شووکردن شەوە.
- جیهان ئافرەتێکی سەماکەرە، هەر ڕۆژە و بۆ یەکێک لە سەما دایە.
- وتەی ئافرەت لە باوەشێنی شکاوە دەچێ.
- سێ کچ و دایکێک چوار شەیتانن بۆ باوک.

- بێـدەنگی بـۆ ئـافرەت وەک گەوهەر وایە، حەیـف نەبینـراوە ئەو گەوهەرە بە خۆیدا هەڵواسێ.
- شەوی عیشق و عیشوەی ژنان ڕێچکەی هەڵە دەخاتە بەر پێ.
- مێرد سەری ئافرەتە و ئافرەتیش کلیلی پیاوە.
- شەیتان بە ئاسانی پیاو هەڵـدەخەڵتێنی، ژنـی جـوان بە ئاسـانی پیاو فریو دەدا.
- ژن، مامۆستای شەیتانە!
- شــەیتان بە دە کــاتژمێر یەک پیــاو گــومڕا دەکــات، ژن یەک کاتژمێری بەسە تا دە پیاو هەڵخەڵتێنێ.
- سەد دوژمنی بە توانا لە یەک ژنی خراو باشترن.
- عیشقی ئافرەت وەک ئاگر وایە، سـەرەتا بە دووکەڵ دەسـت پـێ دەکات و بە خۆڵەمێش تەواو دەبێت.

# ژنی شاخ

کەلی پەیکوڵی کەوتووەتە نێوان چیای زەردە و چیای گوڵآنەوە، لە بڕێک جێگەدا هێندە تەنگەبەرییە، تەنها وڵآخێک بەبارەوە دەتوانآ گوزەر بکا، ئەگەر وڵآخێکی تر بێت، دەبێ یەکێکیان ڕاوەستآ تا ئەویتر بگوزەرێ. لەو تەنگەبەرییەدا ڕووداوی زۆر ڕوویداوە گوزەرگای خێڵأ بووە، بە مەکۆی وەلی دێوانە ناسراوە، وەلی دێوانە لەوێڕا چاوەڕوانی پاییزی دەکرد و خێڵأ بەرەو خوار بەڵکی شێوەی شەمی بەرچاو کەوێ. ئیدی دەبوو بە کەلیپەیکوڵدا خێڵی جاف و شەم لە کوێستانەوە بەرەو گەرمیان بگەڕێنەوە. پاییز وەرزی ئومێدی وەلی دێوانە بووە، لە سەرەتای پاییزدا خێڵأ دەگەڕایەوە و وەلی بەختی یار بووایە لە چرکەیەکدا شەمی دەدی، هەر بۆیە ئەم هەڵبەستەی گوتووە:

بوار و قەترەی نەونم نەسەردا
وەک کوی کەلاف پڕ نەعنبەردا
باوەڕ و سەردی نەوپاییز چەنۆ
سپی بپۆشن ساراوکە ژوکۆ
رم رم رویلان، تەلمیت دارجاف
پۆل پۆل تەتاران کوی کەوتوون کەلاف

بەیان وەدامان قیبلەم جەنیشان

شادیان وەمەکان قەدیم جای ویشان

لە زنجیرە چیای قەرەداغدا، چیای زەردە بوڵنـدترین لـووتکەیە و هەمیشە شانازی دەفرۆشێتە دەوروبەریدا، بەندە وەک پێشـمەرگە لەو کەلەیـدا بـوومە سـاڵی ١٩٦٣ز ، کە شـەڕ لەنێـوان پێشـمەرگە و دەوڵەتـی عێراقـدا دەسـتی پـێ کـردەوە بـنکەی جـاف وەک مەقەڕی سەرەکی هێزی پێشـمەرگە دەژمێـردرا. دەڤەرەکە بەنـاوی داری خـلە ناو دەبرا، هێزی دەوڵەتـی عێراقیـی پـێ نەدەگەیشـت، حزبـی پـارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر تەنهـا حـزب بـوو لە کوردستاندا، لەو ساڵانەیدا جـاش و لایەنگرانـی دەوڵەت ژمارەیـان فـرە کەم بـوو، بەتـایبەت لە دەڤەری پـانۆپۆڕی گەرمیانـدا، بۆخـوا چەکهەڵگرێکی دەوڵەتت بەدی نەدەکرد، دڵمان لە دەوڵەت و جەیشی عێراقی چەکەرەی نەدەکرد و دڵنیـابووین مەحـاڵە بتـوانن بـگەنە لای ئـێمە و نەیانـدەتوانی لە جـادەیش لابـدەن، ئەوەنـدە تۆقیـابوون بە قـافڵە نەبـووایە هاتوچۆیـان نەدەکـرد. لەبەر ڕووتەڵـی بـنکەی سەرەکیمان ترسی بۆردومانی تەیارەی عێراق لە ئارادا بوو، کە شەڕ دەستی پێ کردەوە بنکەکەمان بۆردومـان کـرا و نەوزادی حەمەبەگـی جاف شەهید کرا، ئەو بە یەکەمین شەهیدی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ درا لە قەڵەم، ئیتر کەوتینە بیری گوێزاندنەوەی بنکەی سـەرەکی بـۆ جێگەیەکـی قـایم و قـووڵتر هەر وامـان کـرد، کە لە دامێنـی چیـای

زەردەیـدا لە دەسـتی ڕاسـتی کەلـدا گیرسـاینەوە، لەوێـڕا گرفتـی سەرەکیمان تەنها ئاو بوو، کانیاو لە خـوارەوە بـوو دەبـوا بە وڵاخ ئاومان لە خوارەوە بهێنایەتە سەرەوە بۆ خـوارنەوە و چـایی لێنـان. خۆشۆردن ئەوە لەبەرنـامەدا نەمـابوو، چڵکـن و پڵکـن و ئەسـپآ ون، جاروبار خۆمان ڕووت دەکـردەوە و جلوبەرگەکانمـان بە هەڵـگەڕاوی دەدایە بەر تیشـکی هەتـاو، ئـاو لە گەرمیانـدا بەتـایبەت لە وەرزی هاوینـدا کەم بـووایە بۆمـان هەڵکەوتبـا خۆمـان دەشـۆرد، بەڵام کەم ڕێکدەکەوت گوزەرمان بکەوێتە سەر چۆم و جۆگە و سیروان.

چەندان تـاکە ژوورمـان بە وشـکە کەڵەک لە بنـی شـاخەکەی بـۆ هەنوزگا دروست کردبوو، کە لە دەربەنـدیخانەوە دەدریـانە بەر تـۆپی دوور، کورتی کردبا دەیدا لەپشتی شـاخەکەوە سـەری کردبـا بەسـەر ئێمەدا هاژەی دەکردە خوارەوە بۆ ناو چۆمەکە یـا دەیـدا لە ئەوبەری چۆمەکە بەناوی "پسـاکان" هەر ئەو تۆپبـارانە چەنـدان ژن و منـداڵی لەو دێیەدا شەهید کرد، ئەگەر سعاتەڕێیەک بە بناری چیای زەردەیدا بە پیادە بڕۆینە ڕێـوە دەگەیشـتینە دێـیەک بەنـاو "چـرچەقلآ" کە لە دامێنـی چیـای زەردە و سـەلارانە خەپـکەی داوە. چـرچەقلآ لە لایەن مورادخـانەوە سـەدوپەنجا سـاڵ لەمەوبەر ئـاوەدان کـراوەتەوە بەپێـی گێـڕانەوە مورادخـان لە ئێـرانەوە هـاتووەتە بەرەی عوسـمانی و وەک زۆربەی عەشـایەری. ئەم مورادخـانە پیـاوێکی دەوڵەمەنـد بـووە، ئەودەم دز و جەردە و تاڵآنکەر لەناو بووە شێخ حوسێن دانیشتووی

زەردەلیکاو دێنیتە لای خۆی تا دز و جەردە و ڕاو و ڕووتکەر شەرم لە شێخایەتییەکەی بکەن، لەوە دەچێ ئەو مورادخانە هەر لە بنچەکەوە جاف بووبێت، ئەویش وەک خزمانی جافی دەستەڵاتی ئێرانیان بەجێهێڵاوە و هاتوونەتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانی و دووبارە لەگەڵ خزمانی جافیدا تێکەڵاو دەبێتەوە و ژن و ژنخوازی لەگەڵ تیرەکانی کەی جافدا دەستپێدەکەنەوە. چرچەقلاّ لەسەرە ڕێگای خێڵی زەواردا بووە و " مورادخان"یش نانبدەر بووە و دیوەخانەکەی هەمیشە پڕ بووە لە میوانی ناسراو و نەناسراو، لەم دوادوایەشدا ئێمەی پێشمەرگە جاروبار بە چێشتی ئەو دآ ئاوسکی وشکهەڵاتوومان بە ژەمێک چێشت دەخوساند، ئیدی شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی گوڵان بە دوایدا قۆناغەکانی شۆڕش.

دێی چرچەقەڵا بە مۆڵگە و هەوارگەی پێشمەرگە ناسراوبووە، لە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتا و یەکدا جەیش و جاش لە خڕی دەرە و دوینەوە هەروەها لە قۆڵی "کەلیپەیکوڵی"یەوە پەلاماری دێی چرچەقەڵا دەدەن

دەوڵەمەندیی ماڵی مەحمموودی مورادخان لە دەڤەرەکەدا بەناوبانگ بووە زیاتر لە هەزار سەر مەڕ و ماڵات ڕەشەوەڵاخیان هەبووە، بە بیانگەی هەبوونی پێشمەرگەوە جەیش و جاش ڕوو لە چرچە قلاّ دەکەن، بەڵآم مەبەستی سەرەکیی پەلامارەکە زۆرتر بۆ تالآنکردن بووە، ئەو ڕۆژە تاکەپێشمەرگەیەک لە چرچەقلآدا وجوودی

نەبووە، دەکەونە تەقەلآی ڕزگارکردنی مەڕومـالآت "تەلـیعەی حسـێنی سوارە" خێزانی ئەحمەدی مەحموود موورادخـان بـووە، خـاوەنی پێـنج کوڕی کامڵ و هەرزەکار بووە، کە دەبینی کوڕەکانی وا لە پەلەقاژەی ڕزگارکردنی مەڕومالآتەکەدان ئەزریکێنێتە سەریانا و دەڵێت: " شـیرم حەڕامتان بێت لە مەڕ ومالآت گەڕێن فریای شەڕەف و نامووسی ئەم خاک و بوومە و پاشەڕۆژی خۆتان کەون، مەڕومالآت دێت و دەڕوات، شەڕەف و نامووس ڕۆیشت و نـاگەڕێتەوە، کـوا تفەنگەکانتـان، پێـنج کـــوڕ بە دوای تانەکـــانی دایکیانـــدا دەڕۆنە ســـەنگەرەوە و دەکەونە شـەڕی بەرگـری، لە بەیـانییەوە تـا دەمەو ئێـوارە بەردەوام لەشـەڕدا دەبن و زۆرتر لە دەلاشەی جاش و جەیش لە شەڕەکەدا بەجێماو ئەو ڕۆژە بەپـێ ژمـاردن لە دەربەنـدیخانەوە شەسـت و دوو تـۆپی دوور بۆردیان نایە چرچەقەلآوە، شـەڕی ئەو پێـنج کـوڕە مەلحەمەیەکـی لە خۆبووردن و ئازایەتی و مەردایەتی بوو، بـوو بە هـۆی بەرزبـوونەوەی ورەی خەڵکــی و ئەو پێــنج قارەمــانە لەو ئاگربــاران و تۆپبــاران و دۆشکە و چەکەیـدا شـێرەکچێک بەنـاوی ئـامینە، خوشـکی پێـنج بـرا کوندە ئاوی بە کۆڵ دەگەیاندە براکانی: ئەو شەڕە پڕ لە قارەمانی و ململانــێ و ورەی هێزەکـــانی دەوڵەتـــی هەرووژان، وردەوردە هـــانی گەنجی خوێنگەرمی دا تـا بـڕۆنە ڕیـزی پێشـمەرگایەتییەوە،یەکێک لە کوڕەکانی ئەو دایکە شێرەژنە ڕۆیشتە ریـزی پێشـمەرگایەتییەوە، ئەو سـالآنەی دەوڵەتـی عێـراق هەزاران جـاش و جەیشـی لە کوردسـتاندا بلآوکردبـــووەوە پێشـــمەرگە وەک جـــاران نەیانـــدەتوانی بـــنکە و

مەقەڕاتیـان بە ئاشـکرا دابنێـنەوە، هەر بەشـێوەی دەسـتە دەسـتەی بچووک لێرە و لەوێ لە جەولاتا بوون

دەوڵەت مـوخبیر و حەفـیە و فسۆکیان بە دێهـات و ناوچەکانـدا بلآوکردبــوویەوە، هەشــت نــۆ پێشــمەرگەیەک لە چیــای زەردەیــدا گیرســابوونەوە، یەکێـک لەو پێشـمەرگانە کـوڕی هەمـان شـێرەژن" تەلیعە و برای ئامینە بـوو" چەنـد شـەو جارێـک ئـامینەی شـێرەکچی کورد خۆی دەبەسـتەوە و تفەنگـی لەشـان دەکـرد و چوارکیلـۆمەتری سەر بەبالآی بەشەوی تاریک و تار و تەنها دەبڕی و نـانی دەبـرد بـۆ برا پێشمەرگەکەی و هاوەلآنی

مەبەســـــتمان لەم نووســـــینە بیـــــرەوەری و وەبیرهێنـــــانەوەی قارەمانییەت و ئـازایی و فیـداکاریی ژنـانی شـاخە، ئـاوا کچەکوردێـک گوناهە لەبیر بکرێت، ئیتر دێـی چـرەچەقلآ بەلای دەوڵەتـی ئیـراقەوە بە قلآی پێشمەرگە دەناسـرا، ڕۆژگـار هـات و ڕۆژگـار چـوو، ڕاپەڕیـن هـــاتە پێشـــەوە کوڕەکـــانی دایە "تەلـــیعە" لە ئـــازادکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستاندا لە پێشی هەرە پێشەوە بوون، تـا ئـازادکردنی شاری خانەقین هاتە پێشەوە، دایە تەلیعە ڕوانی کوڕەکـانی ئەوجـارە مەیلی بەشدارییان نییە بەکاروبارەوە خەریکن، سەرزەنشتیان دەکـات و دەڵێ:" وەقورئانەکەی گڵەزەردە خۆتان نەپێچنەوە و نەڕۆن شـیرم حەلآڵتان ناکەم و لە جوێی ئێوە من و ئـامینی خوشـکتان بەشـداری لەم شانازییە دەکەین" کوڕگەلی تەلیعەخانم خۆیان دەپێچنەوە و دوو

ئامۆزاشــیان دوو ئامۆزاشــیان لەگەڵ خــۆدا دەبەن و لە خــانەقی و دەوروبەری‌ـدا شــەڕ دەســت پــآ دەکــات، لەو شــەڕەیدا ســێ کــوڕی شــێرەژن تەلــیعەی خــۆڕاگر شــەهید دەکــرێن و لەگەڵ دوو ئــامۆزای کوڕگەلیدا

مــن نــازانم ئەو چەوشــەکارییەی تــاکەی، تــاکەی مــافی ڕەوای کەسانێک لەبەر هۆیەک لەو هەزار هۆیانە پاشێل کرێت، تــاکەی ئــاوا دایکێــک، بەرپرســیارێک، حزبێــک لێــی نەپرســێ و بە نائومێــدی سەربنێتەوە، ئەم کەمتەرخەمیـیەی کــێ لێـی بەرپرسـیارە، مـن، تـۆ، یان ئەو، هەرکامیان بێـت، لە تــاوانی نەتەوایەتیـیەوە نـزیکە هەزاران ژن ناویان بە ژنی شاخ نووسراوە و مانگانەیان بۆ بـڕاوەتەوە زۆربەی زۆریــان بە ســەیرانیش گوزەریــان نەکەوتــووەتە نــاو شــاخ تەلــیعەی شێرەدایک بە جەرگسووتاوی و نائومێدیەوە سـەری نـایەوە، کـوڕێکی کەی لە پێشـــمەرگایەتیدا بە ڕووداوی ئۆتۆمبێـــل شـــەهید بـــووە، مــابوویەوە ئــامینەی خوشــکی چوارشــەهید شــووی کــردە ئــامۆزاکەی خۆی، ئەویش لەگەڵ براکانیدا شەهیدکرا، بە کۆڵـەمەرگی سێ کـوڕ و کچێکـی پەروەردە کــردووە، بـێ ئەوەی هــیچ ڕێـز و قەدرلێنــانێکی لە لایەنی حزبەکانی کوردستانەوە لێ بگیرێت، ئەشهەدو ئەوە ستەمە.

من دەزانم زۆربەی زۆری بەرپرسانی ئەمڕۆی کورد لە خوێنـدنەوە تـۆراون و ئەم وتــارە نــاخوێننەوە، ئەوە ئەرکـی هەر خـوێنەرێکە تـا

داستانی کچەقارەمانێکی ئەوسا و دایکێکی خۆڕاگری ئێستا فەرامۆش نەکا و بەرپرسانی لێ ئاگا کاتەوە.

ئەو دەڤەرە شـێرەژنخولقێنە، دەوری ئەو سـێ ژنە شـەڕکەرەی "سـەرچاو ١٩٨٧"مەلیـل و مەلـیحە و تـاوس مەلـحەمەیەک بـووە لە قارەمانییەتیی ژنی شاخ، نـازانم ئەوانـیش وەک شـێرەدایک "تەلـیعە" دایکـی چـوار شـەهید و ئـامینەی خوشـکی چـوار شـەهید و مێـردی شەهید، لەبیرکراون.

بە دووری مەزانە.

## لویس بۆرژوا ژنە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو

## " بە پەیکەری جاڵجاڵۆکە تۆڵەی دایکی لە باوکی کردەوە!"

ئەم ئافرەتە هونەرمەندە کچی خێزانێکی سێ منداڵییە و خۆییشی منداڵی دووهەمە، لە ٢٥ی دێسەمبەری ١٩١١ز لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٣٦-١٩٣٨ز کۆلیژی بەشی (ریازیات) بەجێ دەهێڵێت و دەڕواتە دونیای هونەرەوە.

لە ساڵی ١٩٣٨ز لەگەڵ مێردەکەیدا، کە پسپۆڕی بواری مێژووی هونەر بووە بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن و لە شاری نیۆرکدا دەگیرسێنەوە.

لە ساڵی ١٩٤٥ز یەکەمین پێشەنگای تایبەتی لە کارە شێوەکارییەکانی لە گەلەری (پرتاشتر) لە نیۆرک دەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٨١ز باوکی دەمرێت و ڕەگەزنامەی ئەمریکای پێ دەدرێت، هەمیشە بەتەنها کاری کردووە و تێکەڵی هونەرمەندان نەبووە. لە ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ز لە بڕێک لە شارەکانی ئەمریکا پێشەنگا دەکاتەوە... ناووباو کەمێک درەنگ بەدەست دەهێنێت.

لە ساڵی ٢٠٠٧ز مۆزەخانەی هونەری مۆدێرن پێشەنگای تایبەتی بۆ دروست دەکات، ئەو دەم تەمەنی ٩٥ساڵ بووە.

ئەم هونەرمەندە سەردەمی منداڵی پڕبووە لە دەرد و فرمێسک و ڕەنج و ئازار، هەموو ئەمانەی لە دەروونـدا گەورە کـردووە و تـا درەنگانێک توانیویە بە شێوەیەک بخاتە بەرچاو، تا ئەو سەردەمە بەو شێوەیە کە ناسراوە بە (ئیستالیشن) هیچ هونەرمەندێک نەیکردووە. (ئیستالیشن) من ناتوانم بیکەمە کوردی، تەنها دەتوانم بڵێم ئەو شێوە کارە لە ئاسن و مەتریالێکی تر کەرەستەیەکی تازەباوی دونیای ئاسن و پۆڵاو و ئەو بابەتانەیە... وشەیەکی کوردی پـڕبە پێستمان نییە جێگەی (ئیستالیشن) بگرێتەوە... ئەو ناوە هەتاوەکوو لە زمانی ئینگلیزیشدا تازە باوە...

بەهەرحاڵ، ئەم خانمە هونەرمەندە لە مێژە بە هونەرەوە خەریکە، بەو شێوەیەی تایبەتی خۆی دەیەوێت، گەلێک درەنگ ڕەخنەگران و دونیای هونەر ددانیان بە لێهاتووییدا ناوە، تـا سەرەنجام شاری نیۆورک هاتە دەنگ، بەڵام دوای چەندان ساڵ! لویسی ڕقهەستاوی ئاڵۆز و تووڕە، ئەو ماوە دورووودرێژە نەیتوانی بوو ڕەفتار و کرداری باوکە بەڕەڵاکەی فەرامۆش بکا... باوکێکی تووڕە و جنێوفرۆش و دەمپیس، باوکێکی کەللەکەری دەستەوشێن، باوکێکی سەرخۆش و بێهۆشی بیرنەخۆش... لویسی منداڵ بە چاوی خۆی دەیدی باوکی چۆن زۆر و بەڕەزا بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە

سواری ئافرەتە خزمەتکارەکەیان دەبێ و دایکی مەزڵووم و ناچاریش لە ترسی لێدان و ئاژاوەی زۆرتردا جگە لە فرمێسک ڕژاندن بێدەنگ و سەبوور لە گۆشەیەکدا تەماشەکەر دەبوو. لویس لە ئاوا دۆزەخێکدا لەگەڵ گەورەبووندا ئازارەکانیشی گەورە دەبوون... کە گەورە بوو، ئەوەی باوکی پێی ناخۆش بوو دەیکرد. زۆربەی تابلۆ شێوەکارییەکانی لە بازنەی ڕق و ئاڵۆزییەکاندا دوورنەدەکەوتەوە، وەک ڕەخنەگرانی هونەری دەزانن. بەپێی بیروڕای گەورەدەروونناسی جیهان (فرۆید) هونەر خۆی دەوای دەروونە ئاڵۆزەکانە... ئەو خانمە دەکۆشا لەو ڕێگەوە زامەکانی تیمارکا و لە ڕووی دژایەتی باوکییەوە. باوکی پێی ناخۆش بوو شووی بە کەسێکی ئەمریکی کرد، هەروەها پێی ناخۆش بوو چووە ئەمریکا. بەڵام ئەو خانمە بەم دوورکەوتنەوە ئاسۆی ڕوانینی دوو هێندە فراوان و گەش بوو... لەوێ کەوتبووە خوێندنەوەی بیروبۆچوونەکانی فرۆید و چەندان کاری هونەری لەو خوێندنەوە وەردەگرێت. کارەکانی لویس برژوا لە زۆریاندا کاروبابەتی هەندەسەی تەلارسازی تیا دەبینرا، ماڵی خۆیان و سەردەمی منداڵیی خۆی و باوکی بە شێوەی پەیکەرسازیی دروست کردبوو، بینەری تووشی ترس و تۆقان دەکرد و دەیخستە بیری کوشتنی ناو ئەفسانەکان. خۆ ئەگەر یەک لە هاواڵەکانی تووڕەیان کردبا، هەڕەی بۆ دەهاویشت، یان چەکوش و ئامێری تری تێ دەگرتن.

ئەو چەندان کتاوی نووسیوە و تیادا کۆشاوە دڵ و دەروونی ئازاردیدەی خۆی تیادا دەرمان بکات. لە زۆربەی کارەکانیدا ڕەگەزی نێرینەی وەک گیانلەبەرێکی دڕودەستوەشێن زرتەزەلام خستووەتە بەرچاو. لە ساڵی ١٩٩٩ز پەیکەری (هەرێمی خۆڵەکەویی) دروست کردووە، واتا لە نەوەد ساڵیدا ئەو کارەی کردووە، ناوی کەوتووەتە سەر زمانی دۆست و دوژمن. فکری لێ بکەوە ئافرەتێکی نەوەد ساڵە کارێکی وا سەختی پەیکەرتاشین بخاتە ڕوو، تەواوی ریکلام و ڕۆژنامە و کەناڵەکان و ڕەخنەگرانی دونیای هونەر بهێنێتە جەولان و گفتوگۆ. ئەو خانمە پۆلایینە سەروکاری لەگەڵ ئاسن و پۆلا و ئیستیلا هەبووە، بەو شێوەیەی ویستوویەتی چەماندوویەتەوە و لوولی کردووە. گریەی تێخستووە و شکڵ و شەمایلی نەبینراوی خستووەتە بەرچاو. وەنەبێ بە ناووباوی ئەو پەیکەرەی کە بوویە پلەکانەی ناووباو و شۆرەتیی داکەوتبێ... بەڵکوو دەروونی نائارام و کەفکردووی هانی داهێنانی زۆرتری داوە. سەرەنجام پەیکەرە بەناوبانگە عالەمگیرەکەی (دایک)ی کرد. ئەو هەمیشە هاوخەمی دایکە مەزڵووم و غەدرلێکراوەکەی بووە... پەیکەری دایک لەسەرتاسەری جیهان دەنگی دایەوە.. ئەو نەهات پەیکەری ئافرەتێکی داماو بخاتە بەرچاو، ئەو نەیویستووە وەک هونەرمەندانی دیکە ئازارەکانی منداڵیی بخاتە بەرچاو.. لە جوێی دایکە داماوەکەی، پەیکەری جاڵجاڵۆکەیەکی مینگەی زلزەلامی کرد. وەک زانراوە

جاڵجاڵۆکەی مێ دوای جووتبوون نێرەکەی دەخوا، ئەو بەو شێوەیە تۆڵەی دایکی لە باوک و هەرچی پیاوی دەستەوەشێن هەیە کردەوە.

لە ساڵی ٢٠١٦ز خەڵاتی (ئەدەب و هونەر)ی یەکێتیی ئەورووپام پێ بەخشرا، دەبوو بڕۆیشتمایە بۆ هۆڵەندە بۆ شاری لاهای بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. لەوێ ڕێم کەوتە شارێک ناوەکەیم بیر نەماوە، پیاسەم دەکرد، ساختمانێکی پێش شووشە سەرنجی ڕاکێشام، کە لە بەشی ناویەوە وردبوومەوە پەیکەری جاڵجاڵۆکەیەکی بەرز و بوڵندم بەرچاو کەوت، بوڵندییەکەی دە مەتر دەبوو. بەندە ناوی ئەو خانمە هونەرمەندە و جاڵجاڵۆکەیم بیستبوو، وێنەکەیشم لە مێژدا دی بوو، باوەڕم نە دەکرد من ئەوەندە خۆشبەخت بم، لە نزیکەوە ئەو پەیکەرە ببینم... جا جاڵجاڵۆکە چ دەعبایەکی سەیر بوو، بە قەپێک پیاوێکی قووت دەدا، قورسایەکەی پێنج سەد کیلۆ بوو. لەژێریدا لەناو شەش پا بەرز و بوڵندەکەیدا چوارمەشقی لێی دانیشتم. هاوژینەکەم (بە ڕەحمەت بێت) لەگەڵ بوو، ئەو لای ناخۆش بوو خەڵکی تر وێنەم لێ دەگرێت، کە لە چەقی پاکانیدا چوارمەشقی لێی دانیشتووم، بەڵام من ئەرکی خۆم ئەنجامدا، چونکە دانیشتنەکەم ستایشێک بوو بۆ داهێنانەکانی ئەو ئافرەتە هونەرمەندە زەجردیوە. لویس هەمیشە لە باسی دایکیدا دەڵێت:" دایکم گەلێک زیرەک و بە گوزەشت و دڵفراوان و سەبوور و کۆڵنەدەر بووە، هەمیشە وەک جاڵجاڵۆکە بووە." ئەم هونەرمەندە تەنیا بە پەیکەری جاڵجاڵۆکە

ڕازی نەبــووە، بەڵکــوو تــابلۆیەکی دیــکەی کــردووە، ئەو و بــرا و خوشـکەکانی لە جیـاتی خـواردن، بەسـەر مێـزەوە خەریکـن باوکیـان دەخۆن.

## (١)
## ئەشێ!

نەماوە گوڕم، نەماوە باوم

نەماوە تاوم

نۆ پلەی ڕێختەر زەلزەلە لێی داوم

ڕۆیشتی هاوار، بێگەڕانەوە!

تۆ داستانی زیندەگیمی بێ بڕانەوە.

مەلحەمەی عیشقی من، سەد دەرگای دۆزەخم لێ کرانەوە.

ئەوەسا دەڕۆم و دێم بە ناچاری.

غەم کەڵەکە و هوەیدایە دیاردە و ئاساری

نازانم چۆن ماوم؟

نۆ پلەی ڕێختەر زەلزەلە لێی داوم

ئەشێ ئەپرسی چۆنم

گڕکانی ڤیزۆفە دەروونم

لافاوی نووحە تیا خنکاوم

یونس ئاسا نەهەنگی تەنهاییە قووتی داوم.

هەی هەی لە کەفوکوڵی دەروونم

هەی هەی لە بێ تۆییدا چەندە زەبوونم

بیرە ئاوارەکەم.... خولیا بێچارەکەم

پڕی پڕن لە تۆی ئەوسا

ئەوەسا لە پەسا

وردە وردە لە خۆما دەڕۆم و دێمەوە

لە کەوڵێکی پڕ لە هیچا دەتوێمەوە

ئەشێ بۆ بەر دوامی هەناسەم

بۆ پتەوی عیشق و تاسەم

چرکەیەک وەرە ناو هۆشمەوە

تا بڵێم ماوم

قەینا نۆ پلەی ڕێختەری زەلزەلە لێی داوم

٢٠٢٠ /١/٨

هەولێر

## (٢)
## ئەشێ

وا تێنگەی ڕەشسواری مەرگ تۆم لەبیر

دەباتەوە

تۆ بۆ ساتێک تەنها و تاک نیت. تۆ منی، من تۆم!

نازانم خەمی تۆ بخۆم یان خۆم؟

لێت نابمەوە چەشنی گڕ و خەرمان، هەراو هەناسە

لێت نابمەوە تا دەمی گۆڕ، وەک ماسی و تۆڕ

لێت نابمەوە لە هەموو کات و فرسەتا

بۆ هەتاهەتا، تا بمێنی نووری چاو و هێزی پێم

لێت دوورناکەوەمەوە، دێم و دێم و دێم و دێم!

چاوەڕوانبە وا هاتم

پار ئەو ڕۆژە ئەشێ کۆچی دوایی کردووە ٢/٧/ ٢٠١٩

٢٠٢٠ /٧/٢

(٣)

## ئەشێ

واباوە دۆزەخ گۆمی ئاگری بێ پەیە

گڕە، شەڕاڕەیە، گڵپەیە

لەو چەشنە ئاگرە نەبینراوە

نە هەیە.

گەڕام دۆزەخ هۆبە هۆبە قوژبنی

سەرەوخوار، قووڵایی تا بنی

هیچم نەدی نە گڵپەیە نە

بڵێسەی ئاگری

نە یاساوڵ، نە گڵپەی گڕی

ئاگر ڕاگرێ

ڕوانیم ئەو گڕ و گڵپەیە وا دەڵێن

هی دەروونی خۆیەتی ئاگر لەنێو زاتی خۆیدا هات و چوویە

ئەشێ دەپرسی چۆنم؟

زیندووم، ئەمما مەنجەنیقە دەروونم.

٢٠٢٠ /٦/١٦

## (٤)

## ئەشێ

ئازیزەکەم مەپرسە چۆن

وەرە ناو هەناومەوە وەکوو بۆن

وەرە ناو چاومەوە وەکوو خەو

وەکوو ڕەنگ

وەرە ناو گوێمەوە وەکوو نەوا

وەکوو دەنگ

وەرە سەر زمانم وەکوو چێژ

وەکوو شام، وەکوو تام

ئیدی خوایە بە لاتەوە ڕەوایە

ئەو دەنگ و ڕەنگ و چێژەم لێ بسێنی

بە ڕەحمەتێک نەمدوێنی؟

ئەوی درەنگ و زووم هەیە

ئەوی دەمارە مۆم هەیە

لە درێژایی شەوا نغرۆیە لە فکری ئەوا

گلاراومە شان بە شان

دەتلێمەوە

چرکە بە چرکە وەکوو زامێک

دەکوڵێمەوە.

ئەشــێی خێــزانم لە مێــژووی ٢/٧/ ٢٠١٩بــێ ئەوەی هــیچ نەخۆشــییەکی هەبێــت بە بەرچــاومەوە لە مــاوەی دوو خولەکـدا کـۆچی دوایـی کـرد، ئەوی سـەفای خێـزانیم بـوو لەگەڵ خۆیـدا بردی، ئەمە یەکێکە لەو هەڵبەستانەی بۆیم نووسیوە.

٢٠١٩/٨/١٠

هەولێر

## (٥)
## ئەشێ

ڕوو لە هەر کوێ دەکەم نامۆیە لام

خاوە گوڕم، بێ هێز و توانایە هەردوو پام

دیارە ئەمە سەرەتای ئاوارەگیمە

ئەوی گەلێک ئازیزم بوو، ئێستا نیمە

لە قەتڵگادا بارگەم خستووە

نەهات زۆرن، بە نوورە کەمەری مەرگمیان

بەستووە

کوا ئەشێ خان تۆزێک بملاوێنێتەوە

بڵێ: باوەڕ ناکەم هەرگیز منت لەبیر بچێتەوە..

٢٠١٩/٨/٢١

هەولێر

## (٦)
## ئەشێ

تۆ کەی وەک من مەمکی مەئیوسیت مژیوە

کەی توێڵی نەرزۆکت بە گریانەوە سڕیوە؟

من پای زاماری

کەوشی پڕ بزماری

بۆنەهاتم لە تلی خەجاڵەت هەڵکەوتووە

لەش و زاتم

لە پێخەفی هەقیقەتی نەخۆشا نووستووە.

ئەوانەی لە عیشقا بێ سەوادن

خواجەی حەڕەمسەرای ڕازن

کەی وەک من لەگەڵ ئێشا دەمسازن؟

کەی وەک من شەهیدی تەقینەوەی دوو لێون؟

کەی وەک من دێوانەی دەشت و کێون؟

من لە چاڵی تاریکییا لە بێ ڕەنگیا

لە بێدەنگیا

لە سارد و گەرمی تابووتا

ناخم بڵێسەی سەند و سووتا

تاپووی یادی بە دیواری هیجرەتەوە هەڵواسیوە

پەیژەی تاوانی داناوە

پەلکەی پەیوەندی بڕیوە

چی بکەم هاوار نازدارانە بۆ گفتاری

خانمانە بۆ ڕەفتاری

ڕۆیشت... پەرچەمی حوزنی بەخشیوە

توخوا با نەزانێت ئەوی بووە بە پاشماوە

گەردەلوولی تەمەننایە

خۆڵەمێشی تەقالاّیە

ئەشـــێ دەزانـــێ شـــێوەنەکانم بێـــدەنگن لاوانـــدنەوەیەکی تراژیدیانەی بە هەقە، پەرچەمی لەشکرێکی بەزیوە، چاوساغان و یاساوڵەکانی حوزن ڕای دەوەشێنن.

بۆخۆیشم دەزانم تەقەلاکـانم نەزۆکـن، هەرنەبـێ ڕێخۆشـکەری دیداری هەتا هەتایین بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.

٢/ ٥/ ٢٠٢٠